دلێر کەریم

# لە (کەریم باسام)ەوە تا تکریت

چیرۆکی بەشێک لەو ئەنفالکراوانەی
لە دەروازەکانی مەرگ گەڕانەوە

٢٠١١

**ناوی کتێب:** لە (کەریم باسام)ەوە تا تکریت
**بابەت:** چاوپێکەوتن
**نووسەر:** دلێر کەریم
**دیزاینی بەرگ وناوەوە :** هۆشیاری عەبدولعەزیز
**پیتچنین و پێداچوونەوەی :** نووسەر
**چاپ:** چاپخانەی رەهەند _ سلێمانی (٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣)
**چاپی:** ٢٠١١
**ژمارە سپاردن:** (١٨٧٧) لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی بۆ ساڵی ٢٠١١ پێدراوە

پێشکەشە بە :

* دایك و باوکم و براکانم، خێزانەکەم، کەوەك هەر تاکێکی ئەم وڵاتە بەعس ژیانی لێ کردبوون بە دۆزەخ.
* بەقوربانیانی دەستی بەعس، ئەوان بوونە قوربانی بۆئەوەی ئێمە زیندووبین.
* بەهەموو ئەو نووسەرو کەسایەتیانەی کە یارمەتیان دام بۆ ئەم بەرهەمە، چ بەسوود وەرگرتن لە نووسینەکانیان، چ بە دێڕێك، ڕستەیەك،وێنەیەك، یان ووشەیەك، ماددی یان مەعنەوی هاوکاریان کردم، یان ڕێنوێنیان کردووم بۆ ئەوەی بەباشی ئەم کتێبە بێتە بەرهەم.

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی بەڕێز کاك (**سلاّح کوێخا**)
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان چاپ کراوە
بەسوپاس و پێزانینەوە...

**لەبری پێشەکی**

# کورتەیەك لەسەر دێی (کەریم باسام)

**دێی (کەریم باسام) یەکێکە لە دێ هەرە خۆش و دڵگیرەکانی ناوچەی زەنگەنەو قەڵایەکی زۆربەرزی هەیە کە وەك دیوەخانێکی کوردەواری بەکاریان هێناوەو لەسەری کۆبوونەتەوەودانیشتوون و گفتوگۆو حیکایەتیان کردووە، سێبەری قەڵاکە و بەرزیەکەی بووەتە هۆکاری کۆبوونەوەی گەنجەکان و دانیشتووانی دێیەکە لەوێ، بۆ بەسەر بردنی کاتی خۆش و گوێ گرتن لە ڕادیۆو یاریکردن وەك داوە و دۆمینەکردن، لەلای ڕۆژ ئاوایەوە چەمێکی قوڵ هەیە بە چەمی (تەنگانە) بەناوبانگە، کەریم باسام دەکەوێتە سەر چەمەکە بەجۆرێك زۆربەی خانووەکانی لایەکی شاخ بووە، ئەم دێ هاوسنوورە لەگەڵ هەریەکە لە دێیەکانی باوەکرو ڕەمەدان و لەك(قادر سەرهەنگ)و تەکیێ کۆن و کۆشك خواروو(کۆشك شێخ قادر)و کۆشك ژوور(کۆشك شێخ محێدین)و دارتوو، ئاوباریك و سۆڤ ڕەزا و تەڵەبی، دەکەوێتەوە ناوچەیەکی بەرزییەوە کە بەسەر ناوچەکەدا دەڕوانێت، وە دانیشتوانەکەی بە هاوکارو خەمخۆری یەکتر ناوبانگی دەرکردبوو، لەناو خۆیاندا زۆر تەبا بوونە، بەجۆرێك کە هەر (٢٥) ماڵ و خێزانەکەی گوندەکە لە یەك خێزانی گەورەدەچوون، ئەو کەسانەی شارەزای ئەو دێیەن، یان ئەگەر بەڕێبواریش بێت بەو دێیەدا گوزەریان کردبێ، باش ئەوە دەزانن کە**





**ڕێز گرتن لەگەورەو بەتەمەن و دنیا دیدەکانی دێ نەریتی ئەم دێیە بووە، هەر لەکۆنەوە دانیشتوانی ئەم دێیە بە ئاژەڵداری و (کشتوکاڵ)جوتیاریەوە خەریك بوونە، سەوزەو باخاتی نەبووە، بەڵام هاوینان بێستانیان (لەسەر چەمی ئاوەسپی) کردووەو تەنها بۆ خۆیان بووە، واتا نەیتوانیوە زیاد لە پێداویستی دانیشتوانەکەی بەرهەم بێنێ و بۆ فرۆشتن بنێردرێت بۆ شوێنەکانی تر، بەهۆی هاو سنووری و خزمایەتیانەوە لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکانی سەر (ئاوەسپی)یەوە، وەك (باوەکر)و(لەك قادر سەرهەنگ)و (ڕەمەدان)، بێستانیان کردووەو شامی(شووتی) و (کاڵەك)و (لۆبێ)و (بامێ) و (تەماتەو خەیار)یان لێ بەرهەم هێناوە، وە بە (مەکینە) تراکتۆر و گوێ درێژ ڕۆژانە سەردانیان کردووە، چونکە (ئاوەسپ ی) دووربووە لە گوندەکەوەو گوندەکەش خۆی شوێنێکی ووشك (دەیم)بووە.**

**چەمی قوویلە بە زستانان ئاوی زۆری پێدا ڕۆیشتووەو هاوینان ووشك بووە، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئەم دێ تەنها دوو کانی بووە یەکێکیان لە نزیك دێ بووە و ئەویتریان لە چەمی قوویلە بووە کە بە (کەرو مویشەما) لە کانیەکەی چەم قویلەو بە شان لەکانیەکەی لای ماڵ ئافرەتان ئاویان هێناوەتەوە بۆ ماڵ، جاری واش هەبووە چەندین بەرمیل کراوەتە ناو عارەبانەی تراکتۆرێکەوەو لە چەمەکەوە ئاویان پێی هێناوەتەوە بۆ ماڵ، جێگای باسە ماڵ حاجی نجم الدین کە ڕیش سپی دێکە بووە بیرێکیان لە تەنیش ماڵدا لێداوە لەسەر تاوێرێك بەدەستی وەستای ئێرانی و گەیشتووەتە ئاو و (٢١)مەتر قووڵ بووە، هەندێك جار خەڵکی دێیەکە لە زستاناندا بەرمیلیان خستووەتە بەر باران بۆ**

**بەکارهێنانی لە قوڕکاریدا بۆ دروست کردنی خشت و چاك کردنی (ئاخوڕ)ی ئاژەڵ.**

**دێی (کەریم باسام) وەك هەموو دێیەکانی تری کوردستان لە پێش کارەساتی ئەنفالدا لانکی پێشمەرگە بووە، خەڵکەکەی خزمەتی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی سەر گۆڕەپانەکەیان کردووە، بەهۆی هاوسنووریانەوە لەگەڵ ناوچەی (بناری گل) و نزیکیانەوە لە ناحیەی (قادر کەرەم) هێزەکانی پێشمەرگە پێش هێرشەکانیان بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبیەی هێزەکانی بەعس لەوێ پشوویان دەداو خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان، وە بە تراکتۆری خەڵکەکە کە نزیکەی (١٠) تراکتۆری تیابووە، گواستراونەتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ، یان بۆ هەر شوێنێکی تر کە ویستبێتیان.**

**لە کاتی شەڕەکانی ئەنفالدا دوای چۆڵ کردنی دێکەش بەهۆی پەلاماردانی هێزەکانی بەعسەوە شەڕێکی قوورسی تیادا دەکرێ، دواتر بەهۆی ناهاوسەنگی هێزەوە، کە هێزەکانی بەعس تۆپ و تەیارەو دەبابەو هەموو جۆرە چەکێکی سەردەمیان پێ دەبێت، پێشمەرگەش(یەکێتی وشیوعی)ماندووی شەڕەکانی سەرجادەی قادرکەرەم و بناری گل دەبێت، ئەم گوندەش بەر شاڵاوی ڕووخان و وێران کردن و ئەنفالکردن دەکەوێت.**

**عەزیز و تەیمەز دوو برابوونە و ماڵیان وەبان گردێکەوە بووە کە ئێستا پێی دەڵێن کەل گرۆر کەماڵ، لە بەینی کەریم باسام و ئاوباریك، دەگێڕنەوە ئەو ناوە لەوەوە هاتووە کە ڕۆژێك ژنیان بۆ کەماڵ خواستووەو لەسەر ئەو گردەو بەبەرد کەڵەکیان کردووە، کاتێك دوای شایی ژنەکەی بۆ دەبەن کوڵاژدمێك دەدات بەزاواوەو**





**دەمرێت، ئێستاش بەرد لەوێدا هەیەو گرۆرێکیان لەو بەرزایەدا کردووە.**

**پیاوی بەتەمەن و دنیا دیدەی و ژنی دنیادیدەی زۆر تیابووە، وەهاب حەکیم یەکێك بووە لەوانەی کە شارەزایەکی زۆری هەبووە،و زیاد لە ١٠٠ ساڵ ژیاوەو شارەزای تیرەو بنەماڵەکانی ناوچەکە بووە، کە دەگێڕنەوە ووتوویەتی :**

**قەومەکان من نەخۆش ناکەوم لەدانیشتنەوە دەمرم، هەرواش مرد، چایەکە وە دەمیەوە دەبێت کە دەکەێتە پشتاو دەمرێ، دەگێڕنەوە تا لە ژیاندا بووە یەك دەرزی نەداوەو داودەرمان و حەپی بەکارنەهێناوە، بۆ هەر شوێنێك چووە بەپێ ، یان سواری گوێ درێژ چووە، منداڵەکانی جنسیەیان هەڵەی دەبێ لە جیاتی وەهاب حەکیم بەناوی ئەحمەد ئەڕەحمان بابایانەوە بۆیان دەرئەکەن، دەیبەن بۆ دووز، ئەو دەڵێت من بە گوێ درێژ دێم و منداڵەکانیش دەڵێن دوورەو نابێ، تا ئاوباریك دەیبەن و لەوێ تەکسی بۆ دەگرن، ئەویش تا ئەوکات سوار سەیارە نەبووە، حمەئەمین تەکسی بۆ دەگرێ بۆ معامەلەی دووز و قادر کەرەم، کاتێ دەگەڕێتەوە دەڵێت : قەمەرەو کەلەی شەکەر !**

**شاعیرێکی بەتوانا بووەو لە زۆربەی کاتەکاندا شیعری ووتووە :**

**بەر پلەی تەق تەق بان گرۆر کەماڵ**
**چەم جۆ ڕشیاو بەرزی بان زیخاڵ**

**حاجی نجم الدین کە ئاغاو سەرگەورەی ئاواییەکە بووە بە نزیکەی ٤٠ ڕۆژ پێش کارەساتی ئەنفال گیان لەدەست دەدات و ئەو ڕۆژەناخۆشانە نابینێ کەبەسەر خزم و قەوم و کەسوکارو منداڵەکانیدا دێت، ئەو دیمەنانە نابینێ کە دێکەی (کەریم باسام)**

**لەبری هاوکاری و ئیش و کاری ڕۆژانە ڕاپەڕاندن و دەنگی خۆشی کەو و سوێسکە، گرمەی تۆپ و دەنگی ناسازی شوفڵ و دەبابەو تەیارە دنیا دەناتە یەك، ڕەنگە ئەوە ئەو ئاوات و دوعایە بێت کە خۆی کردبێتی و وتبێتی :**
**(خودایە بمکوژەو ئەو ڕۆژە ڕەشەم پیشان مەدە کە ڕەنگە لەداهاتوودا یەخەمان پێ بگرێ) !**





# چاوپێکەوتنەکان

## چیرۆکی بەشێك لەو ئەنفالکراوانەی لە دەروازەکانی مەرگ گەڕانەوە

# ڕەحمە نجم الدين مەجيد



ئەوانـــــەی لێـــــرەدا و لـــــەم دیداروچاوپێکەوتنەدا دەیخەینە روو چیرۆکی ئەوکەسانەیە کە بەچەند چـرکەو خوولـەکێك پـێش زینـدە بەچاڵکردن بەر لێبووردن کەوتن و لەنێوان مردن و ژیانەوە گەڕانەوە بۆ ژیـان، ئـەو وەك خـۆی دەیگێڕێتـەوە لـەدێ، پـێش کارەساتەکە، هێشتا چـلەی کۆچـی دوایـی باوکیـان نەکردبوو بەعس وەك تاعوون هاتوو ژیانی لێ تێکدان، ئەو بەدەم گریانەوە باسی لە دوا ماڵئاوایی خۆیی و کاکەی (مەحمود)کرد لە نزیك قادر کەرەم، ووتی : مەحمودی برام بانگی کردم و پێی ووتم لێرەوە جیادەبینەوە ، نازانین یەکتری دەبینینەوە یان نا؟ بەڵام گومانم هەیە کەسێك ڕزگاری بێت.

ڕەحمە کە نیشتووی دێی (کەریم باسام)ی ناوچەی زەنگەنەیە وەك بڵێی بۆ گێڕانەوەی دوا ماڵئاواییەکان خوڵقابێت ئەوەشی لەیادە کە (خەجێی) خووشکی لەدوا ساتەکانی ڕاپێچ کردندا بۆ مردن





هاتووەتە لایان و پێی ووتوە ئەگەر ڕزگارتان بوو لەم جەهەنمە چاوتان لە منداڵەکانی منیش بێت !

چ یاسایەك، چ دینێك، چی ویژدانێك، چی مرۆڤێك، جگە لەبەعس و سەرانی بەعس، ڕێگە دەدەن بەخۆیان بێن بەئەژدیهای فرە سەرو فرە کەڵپە بۆ گیان ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە؟ ئەو گێڕایەوە دەیگووت ئێمە بڕوامان دەکرد بەعس پیاوەکان لەناو بدات، بەبیرماندا دەهات بەتۆمەتی پێشمەرگەبوونەوە پیاوەکان ببات و نەیگەڕێنێتەوە، ئەگەرێکمان دانابوو ڕەنگە ئەوان ببنە خۆراکی بەعسی دڕندەو خوێنڕێژ، بەڵام ئەوەی نە بەبیری ئێمەو نە بەبیرو هۆشی خەڵکیدا نەدەهات ئەوەبوو ژن و منداڵ ڕەوانەی ژوورە تاریکەکانی زیندان و مردن بکرێتەوە.

لەژیانێکی لادێیانەی پاك و بێگەردەوە، لە دنیای سۆزو خۆشەویستی و ڕێز لەیەکتر گرتنەوە، لە هاوخەمی و هاوکاری کردنەوە، لە پێشوازی لە میوان و سەرگەورەکانی خێزانەوە، هاتین بۆ دنیای بینینی یەك دەموچاوی بەدو ترسناك، ئەویش دەموچاوی بەعسیەك بوو، ئێمە لەژیان کرابووینە دەرەوە، ئێمە هەر هەموومان دەمانزانی کەڕاپێچی مەرگ بکرێیت دەبێ پێش ئەوە کەمێك لەتاڵیەکانی ژیان بچێژیت، ئەوەی لەزیندان بینیمان هەر ئەوەبوو کەپێش مردن نیشانی خەڵك دەدرێت.

ئێمە پێش ئەنفال بیرمان لەوەنەکردبووەوە ساتێك هەیە لەنێوان ژیان و مردندا، وەك دەڵێن کەس بەکەس نیەو دایك فریای منداڵەکەی ناکەوێت و منداڵ خاوەنی خۆی نادۆزێتەوە، لەوێ، لەزیندانەکانی بەعس، دایك لەمنداڵ جیاکرایەوە، ڕۆژی

**لەناوچوونی گۆی زەویمان بینی بەچاوی خۆمان، بۆ یەکەمجار مرۆڤمان بینی بەزەیی بە مرۆڤەکاندا نەیەتەوە.**

**دلێر کەریم / ئێوە لەکوێوە ئەنفال کران؟**

ڕەحمە نجم الدین / لەقادر کەرەمەوە

**دلێر کەریم / لە چی دێیەکەوە هاتن بۆ قادر کەرەم و چۆن هاتن؟**

ڕەحمە نجم الدین / دێبەدێ لە(کەریم باسام)دێکەی خۆمان دەرچووین سەرەتا چووینە دێی (ڕەمەدان)کە نزیکی دێکەی خۆمانە، بەرەو تەکیەو حەسەن پرچن و برایم خوڵام ڕۆیشتین تا گەیشتینە قادر کەرەم، دوای چەند شەوێك.

**دلێر کەریم / باشە ئێوە تەنها بنەماڵەی خۆتان بوون یان خەڵکی دێی کەریم باسام هەموو پێکەوە کۆچتان(ڕاتانکرد) کرد؟**

ڕەحمە نجم الدین / نەك تەنها خەڵکی دێی کەریم باسام، بەڵکو خەڵکی ناوچەکە هەموو پێکەوە بووین، ئەوەندە زۆر بووین لە ژماردن نەدەهات، خەڵکی بناری گڵ و تاڵەبانی هەموو پێکەوەبووین تا هاتینە قادر کەرەم.

زانیمان وەزعەکە خراپەو حکومەت بەدواماندا دەگەڕێت بڕیارماندا بڕۆینە ماڵ خزم، نەچینە موجەمەعەکەوە، بەڵام لەبەر زۆری خەڵکەکەتەنها شەوێك ماینەوەو ئەوێمان جێهێشت ووتمان با نەبینە هۆکاری تووش بوونی ئەو خزمانەش، چونکە بەسەماعە هاوریان ئەکرد ماڵە ئەنفال مەگرنە خۆتانەوە، بۆیە دواتر ڕۆیشتین بۆ موجەمەعەکە.





**دلێر کەریم / لە کوێ ژن و پیاویان لەیەك جیاکردەوە؟**

ڕەحمە نجم الدین / چەمێك هەیە لە بەینی برایم خوڵام و قادر کەرەم، تا ئەوێ هەموومان پێکەوە بووین، ئیتر عەسکەری هات بەرەو پیریمان و زەلامەکانیان لە ئێمە (ژنەکان) جیاکردەوە.

**دلێر کەریم / جاشیان لەگەڵ بوو؟ یان تەنها عەسکەری بوون ؟**

ڕەحمە نجم الدین / وەڵا نازانم بەتەواوی بەڵام جەماعەتێکیان لەگەڵ بوو جلەکانی بەریان جۆرێك بوو پێیانیان دەگووت (زێباری)، بەڵام ئێمە قسەی کوردیمان لێیان نەبیست، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین هەڵسوکەوتیان دەکردو سەیری ئافرەت و کچەکانیان دەکرد، سەموونیان دەدا بەدەست منداڵەکانەوە، یان لە سەیارەکانەوە فڕەیان دەدایە خوارەوە، بەڵام هەڵسوکەوتیان خۆش نەبوو، کە پیاوەکانیان لێمان جیاکردەوە، خۆمان ماینەوە، لەوێ کۆکراینەوە، هاتینە قادر کەرەم، چووینە ماڵ خزم وتمان دنیا خراپە، حکومەت بانگەوازی کرد ووتیان هەر ماڵێکی قادر کەرەم ماڵە ئەنفال لەماڵیدا بێت خانووەکە دەڕووخێنین بەسەریدا، ئێمەش هەستاین چووینە موجەمەع ووتمان با زەرەرو زیانمان بۆ خەڵك نەبێت، موجەمەعێك کرابوو لە خوار قادر کەرەمەوە، چووینە ئەوێ، نە دەرگاو پەنجەرەی پێووەبوو، نە هیچ، وەك چۆڵەوانی وابوو، بەو زستانەش کە باران بوو، سەرمابوو، چەند شەوێك بە کۆڵەمەرگی لەوێ ماینەوە.

**دلێر کەریم / چەند شەو و ڕۆژ لەوێ مانەوە؟**

ڕەحمە نجم الدین / شەوێك لە قادر کەرەم ماینەوە، دوای دوو سێ ڕۆژ، بۆ بەیانیەکەی ژنی وا هەبوو منداڵی لە بێشکەدا جێهێشتبوو چووبوو بۆ ناو قادر کەرەم بۆ ئەوەی نان بکات، بۆ بازاڕی کردن تا

شتێك بكرێت بۆ منداڵەكانی، جێماو منداڵەكانی بران، واتا دایكی نەهات و منداڵەكەی لەگەڵ میمك و كەسوكارەكەیدا گیراو باركرا و دواتر لەگەڵ ئێمەدا ئازاد كرا، لە دبس، ئافرەتێك ئەناسم ناوی شوكریە ئێستاش لە قادر كەرەمیەكانە، خۆی گیرابوو منداڵە بچووكەكەی جێمابوو لەماڵی خەڵكدا لەقادر كەرەم، نەیانهێڵا منداڵەكەی بێنێ، وا بە پەلەو لەناكاو هاتن كەس بەكەس نەبوو، وەك ووتم دایك بەسەر منداڵ و برا بەسەر برا نەئەپەرژا، زۆر لەناكاو هاتن بەبێ حساب و كتاب، ئەوە نەبوو پێشوەخت خەبەر بدەن بڵێن خۆتان ئامادە بكەن فڵانە كات دێین دەتانبەین، بۆیە ژنێك لە شوێنێك ئیشی هەبووایە و منداڵەكەی لە شوێنێكی تر بووایە، یان بچووایە بۆ شوێنێك تووشی ئەو دابڕانە دەهات.

**دلێر كەریم / واتا كاتێك بردتانیان چاوەڕێی ئەوەیان نەدەكرد بڵێن كۆببنەوە و ئامادەبن بۆ گواستنەوە؟**

ڕەحمە نجم الدین / نەخێر ئەو ژنە چەندێك هاواری كرد ووتی منداڵە كۆرپەكەم لەوێ جێماوە قیمەتی نەبوو، ئەو ئافرەتە وەك پێشتر ووتم ناوی (شوكریە)و منداڵێكی حەوت مانگی لێ بەجێما، منداڵەكەی لەماڵ دایكی بەجێهێشتبوو، خۆی هاتبوو بۆ موجەمەعەكە، خۆی گیرا، لە زینداندا شیری منداڵی خەڵكی ئەدا لەوێ، كاتێك كە ئازاد كراین ئەیگووت چوومەتە لای منداڵەكەمەوە نەمیناسیووەتەوەو كە چوومەتە نزیك بێشكەكەیەوە زیڕاندوویەتی، ژنەكە لەزیندان دەرچوو، لە پڕێكدا هاتن، جێش عەسكەری دەووریان گرتین و بردمانیان، واتا سەرژمێری و ناونووسین و شتی وانەبوو، لە پڕێكدا هاتن و بردمانیان، وا بەپەلە دەورمانیان گرت نەیانهێشت لەم ژوورەكەوە بچیت بۆ ئەویترو چواردەورمانیان گرت.





**دلێر كەریم / واتا پێشتر ئاگادارنەكرابوونەوە لەوەی كە دێن و دەتانبەن؟**

ڕەحمە نجم الدین / نەخێر، بەوە دەزانم كە خوشكێكی براژنم (ئیلهام ژن كاك كەماڵ)و مێردەكەی لەماڵمان بوون ئەوان خۆیان جیانەكردایەتەوە ئەوانیشیان بەزۆر ئەكردە ناو (ئیپڤا)كەوە، خەڵكی كەركوك بوون و بۆ سەردان هاتبوون بۆ لامان، خەریك بوو مامەڵەی ئەنفالەكانیان لەگەڵ بكەن.

**دلێر كەریم / واتا ئەیانهێشت خەڵك سەردانتان بكات كاتێك لە قادر كەرەم بوون؟**

بەڵێ، خەڵك پێشتر ئاگای لەمە نەبوو، ئەگەر خەڵك لەو پەلە پەل بردنە ئاگاداربووایە نەدەهات، مامۆستا كەماڵ كەمێك بە عارەبی قسەی كرد لەگەڵیان و خۆیان جیاكردەوە، بە هەزار حاڵ ڕزگاریان بوو، سەرەڕای ئەوەش تەواو بڕوایان پێیان نەكرد.

**دلێر كەریم / باشە نەدەكرا لە ئەنفالكراوان بڵێن ئێمە هاتووین بۆلای خزم و كەسوكارەكانمان و خۆیان ڕزگاربكردایە؟**

ڕەحمە نجم الدین / نەخێر مەجالی ئەوەیان نەئەدا، زۆر بەپەلەو لە پڕێكدا هاتن، جلو بەرگ و شێوەو ڕووخساریشمان دیاربوو، ئەوانەی شاریش خەریك بوو ڕزگار نەكەن، نەوەك ئەنفالكراوان، دوای ئەوەش كێ دەیزانی بەرەو مردنمان ئەبەن تا هەوڵی خۆ دزینەوە بدەین، یان كێ لەوكاتەدا ئەوەی دەكەوێتەبیر، كاتێك سوار ئیڤای عەسكەرییان كردین، لە نێوان قادركەرەم و چەمچەماڵ (ئێمە شارەزانەبووین) لە ڕێگایەگ كە زۆر چاڵ بووجاشەكان بەرزایەكانیان گرتبوو، جاشەكان دیاربوو مەبەستێكیان هەیە، تەوزیع بووبوون، تەقەیان كردە بان سەر یەكەم ئیڤادا، ووتیان ئەبێ

**ئەم سەیارانە بگەڕێنرێنەوە، چۆن ئەبێ ئەم کوردانە ببرێن؟ ئێمە لەسێیەم ئیڤەدا بووین زانیمان دوای تەقەکان یەکەمین ئیڤە گەڕایەوە، دواتر ئەوەمان بیست عەسکەرەکان ووتبوویان ئەگەر تەقەمان لێ بکەن هەموو ئەم خێزانانە لێرەدا دەکوژین، عەسکەرییەکان زۆربوون و بەو هەڕەشەیەی جاشەکان نەگەڕانەوە، ئەمان بەهێزترو زۆرتربوون، واتا چەند سەیارەیەکیان گەڕاندەوە بۆ قادرکەرەم و باقیەکەی ڕۆیشتین.**

**دلێر کەریم / ئێوە خۆتان گوێتان لە قسەکان نەبوو بۆ جاشەکان داوادەکەن بتانگەڕێننەوە؟**

**ڕەحمە نجم الدین / نەخێر، ئێمە ئاگامان لە قسەکان نەبوو، بەڵام ئاگامان لەتەقەکان و گەڕانەوەی ئیڤای یەکەم بوو، دواتر سەرنشینانی ئیڤای یەکەم ووتیان عەسکەریەکان بە جاشەکانیان ووتووە ئەگەر ڕێگەی ڕۆیشتنمان نەدەن خێزانەکان دەکوژین، لە چەمچەماڵ لە ساحەیەک لاماندا پیرە پیاوێکی تیابوو دایانگرت بۆ میزکردن بەهەردوو دەستی دەیدابەسەری خۆیدا و خەڵک تەماشای ئەکرد.**

**دلێر کەریم / پیاوتان لەگەڵ بوو؟**

**ڕەحمە نجم الدین / بەڵێ، تەنها یەک دوو پیرە پیاوی بەتەمەنمان لەگەڵ بوو، نەک گەنج، ئەوان پێشتر جیاکرانەوە، لەوانە کاکەم ئەمین (ئەمین حاجی نەجمەدین)لەگەڵمان بوو، چونکە بەتەمەن بوو، مەوالیدی فیرارنەبوو، کردیانە لای ئێمەوە، کۆمەڵێک پیاوی ئاوهامان تیابوو، تا تۆپ زاوا لەوێ شوێنی جیارکردنەوەمانبوو، پێکەوەبووین لەوێ برمانیان کرد لەگەڵ ئەوانیشدا، نزیکەی سەعاتێک لەچەمچەماڵ ماینەوەو گواستمانیانەوە بۆ تۆپ زاوا،**





**بەناو کەرکوکدا بردمانیان، لەڕێگا سەیارەی مەدەنی خەڵک دەیدا بەلاماندا و ئەیانگووت توخوا ئێوە خەڵکی کوێن؟ تا ناو قەدیان لە جامەکانەوە دەردەکردو قسەیان لەگەڵ خەڵکەکەدا دەکرد، ئێمەش چونکە لەناو ئیڤادابووین دەمانتوانی هەم بیانبینین و هەم وڵامیشیان بدەینەوە، تەنانەت دیمەنێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام پیاوێک لە نەجدەکان و عەسکەریەکان نەدەترساو ئەمدیوو ئەودیووی دەکردو هاواری دەکرد دڵم شەقی برد ئێوە خەڵکی کوێن؟**

**لە کەرکووک لامان نەدا، بەڵام بەناو کەرکووکدا بردمانیانە تۆپ زاوا، لەوێ پیرە پیاو و پیرەژن هەمووی جیاکرانەوە، ئەو پیاوانەی وا پێشتر ووتم کە بەدەگمەن زۆر بەتەمەن بوون و لەگەڵمانبوون، لەوێ جیاکرانەوە، لەوێ خێزان خێزان جیاکراینەوە، وەڵاهی چۆن دەکەویتە ناو حەیوان و جیای دەکەیتەوە ئاوها جیمانیان کردەوە، ئەم بۆ ئەم لاو ئەویتر بۆ ئەولا، ئاوها تەعامولیان لەگەڵ کردین، چونکە من بەچاو خۆم بینیم بەدار لە خەڵکیان ئەدا، دواتر لە پەنجەرەیەکەوە ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ ئێمەبوون و لێمان جیاکرابوونەوە، لەقاعەیەکی تر بوون، یەکی یەک فانیلەی عەلاگەو کوڵە شەڕواڵێکیان لە بەربوو، بردیانیان.**

**دلێر کەریم / ئێوە دەتانزانی ئەوان بەرەو مردن دەبرێن؟**

**ڕەحمە نجم الدین / نەء ، بەڵام لەهەڵسوکەوتیان دیاربوو، قەمسەڵەو جەمەدانی و جل و بەرگی پیاوەکان کە کردیانە ناو ژوورێکەوە پڕبوو، هەڵسوکەوتیان زۆر خراپ بوو، ژنێک بیگوتایە منداڵەکەم کوا، یەکسەر زلەیەکیان لێی ئەدا، براژنم سەدری یەکێک لە منداڵەکانی لەدەستی بڕبوو، ووتی کوا منداڵەکەم، یەک مشتیان**

داوە بان شانیدا تا دوای مانگێك دەیگووت شانم ژان ئەکات، ووتیان منداڵەکەم منداڵەکەمی چیتە، یاڵا دەمت داخە، بەهەر شێوەیەك بوو براژنم ڕۆیشت منداڵەکەی هێنایەوە، بەوشێوە نامرۆڤانەیە بڕمانیان کردو جیامانیان کردەوە لە یەکتری، بەڵام هەر دەمانزانی جارێك لەوێن، چونکە ئێمە شەوەکەی هەندێك پارەمان نارد بۆ دایکم کە لێمان جیاکرابووەوە، ووتمان با پارەو ئاڵتوون چیمان هەیە بەشی بکەین و تەنها لای یەك کەسمان نەبێت، زانیمان قاعەی پیرێژن لەچی شوێنێکە هەندێك شتمان نارد بۆ دایکم، ئەو شەوە لەوێ ماینەوەو بەیانی ئێمەیان بەپەلە دەرکردو خەڵك تریان هێناوە شوێنەکانمان، کە خەڵکی تازەیان هێنا من بەچاوی خۆم عەدالات و بەشاراتم بینی لەگەڵ شەوکەتدا، بەشارات کە ئێمەی بینی پێئەکەنی ووتی ئەرێ وەڵا ئەمانەش خەڵك لای خۆمانن، کاتێ ئێمەیان برد بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی لەوێ دەرمان بکەن، ئەوانیشیان هێنا بەرەو ناو، دامان بەتەنیشت یەکا، تازەو کۆنەیان بەخەڵکەکە ئەکرد، چونکە خەڵکەکە زۆربوو، هەمووی خەڵکی ناوچەی گەرمیان بوو، کاتێك گەیشتینە دبس بووبەمەغریب، بایەکی توند دەهات، تۆزو خۆڵێك بوو زۆر ترسناك، کەدامانیان بەزان، خەڵك هەبوو خەریك بوو زیڕەبکات، بەچاوی خۆم بینیم یەکێك لە پاسەوانەکانی ئێمە لەو کاتەدا جگەرەکەی دابەزویداو پێی پێیاناو کفرێکی کرد، وەزعەکەی زۆر پێ ناخۆش بوو، ئەوکابرامان ناسی، چونکە هەرکەسێك هەڵسوکەوتێکی باشی بکردایەت لەگەڵمان چاومان دەخستەسەری بۆ ئەوەی بەکەڵکمان بێت، بۆ بەیانی ئەوکابرا نەما لەوێ، لای خۆمانەوە ووتمان، بۆیە لایانداوە پێیان زانیوە بەزەیی بەکورددا دێتەوە، کە کرمانیانە





قاعەکەوە کارەباش بڕا، بەحەقی خوا لەزیڕەی منداڵ و قیژەی ژن، ژن واهەبوو منداڵێکی لەباوەشدابوو سیانی تری دیار نەبوو، کافر لەوێ مسوڵمان دەبوو ئەو دیمەنەی ببینیایەت، ئەو کەسانەی وا منداڵیان نەبوو، بەغیرەت و چاو نەترسیش بوون، دڵی ئەوانی تریان دەدایەوەو دەیانگووت : مەترسن ئێستا کارەبا دێت، دڵتان گەورەبێت، یان بەشوێن منداڵەکانیدا دەگەڕان، ئێمە نزیکەی چوارمانگ و بیست ڕۆژ لەوێ ماینەوە، بەقسەی خۆیان ئەیانگووت خواردنی عەسکەریەکان و هین ئێوە وەك یەکە، واتا یەك خواردنە، ڕۆژهەبوو خواردنەکە باش بوو، ڕۆژ هەبوو خراپ بوو، ئەکەوتە سەر تەباغەکە، یان خێزان هەبوو ژمارەی ئەندامانی زۆربوو، یان منداڵیان هەبوو، ئەگەر خێزانێك پارەی پێبووایە دەیتوانی بۆ خۆی شت بکڕێت.

**دلێر کەریم / بە ئاشکرا یان بەدزی دەتانتوانی بنێرن شتتان بۆ بێت؟**

ڕەحمە نجم الدین / هەندێك لە جێش شەعبیەکان لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژووبوون، موتەدەین بوو، یان دایکێك دەیگووت منداڵەکەم سەموون ناخوات حەز بەنان یان پسکێت ئەکات، پارەی دەدا بە جێش شەعبیەکان بە شێوەیەکی سڕی و خواردنەکەی بۆی ئەکڕی و بۆتی ئەهێنا، وەك چۆن لە ئێستا خێزان هەیە دەست بەخۆیەوە دەگرێت و پارە کەمتر سەرف دەکات، یان خێزان هەیە گوێی پێناداو منداڵەکەی چی بووێت بۆی دەکڕێت لەوێش وابوو، منداڵێکی زۆر مردن، بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و خراپی خواردن و ساردی و سەرماو سۆڵەوە، منداڵ پێویستی بەخواردنی تایبەت هەیە، تۆ بەیانی و ئێوارە شلەو برنج و سەموونی بدەیتێ

نابێ، منداڵ ئەو خواردنەی پێ ناخورێت بە بەردەوامی، بەهاربوو، جاری واهەبوو هەندێك لە جێش شەعبیەکان شووتی و خواردنیان ئەهێنا بۆ خێر و منداڵ و ژن لەسەری دەیانکردە شەڕ، ڕۆژی واهەبوو دوو تەباغ دەهاتن ڕێکوپێك و باش بوون، ڕۆژی واهەبوو دوان دەهاتن خراپ و سەرسەری بوون، کچەکان وەك ڕۆژانی پێشووتر دەڕۆیشتن بۆ وەرگرتنی خواردن ئەوانیش دەستیان بەرزئەکردەوەو خواردنەکەیان دەکرد بەسەردەستیاندا، بیانزانیایە کچێك یان ژنێك جوانە ئاشەکەیان دەکردە بان دەستیاندا تا سەربەرزبکاتەوەو سەیریان بکات، زۆرجاریش کچ و ژنەکان خواردنەکەیان فڕێدەداو خواردنەکەیان وەرنەئەگرت، ژنێك خەڵکی گۆلباخە، سێ منداڵی گیرابوو، بچووك بوون، گەورەکەی دەگەیشتە هەشت نۆساڵان، ئەوانیتر منداڵ بوون و یەکێکیان شیرەخۆرەبوو، هەرسێ منداڵەکە کوڕبوون، تێبینیمان دەکرد گەورەکەیان بچووکەکانی دەبرد بۆ دەستشۆردن و دەموچاوشۆرین و میزکردن، زانیمان ئەمانە دایکیان لەگەڵیان نیە، کوڕە گەورەکەش هێشتا زۆر منداڵ بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بێتاقەت دەبوو، وە ئەرك دوو منداڵی تریش لەسەرشانێتی، خواردن ئەکاتە دەمیانەوەو دەموچاویان ئەشوات، زۆر عاقڵ بوو، ئێمەش یارمەتیمان ئەدا، ڕۆژێك هەرسێ منداڵەکە دیار نەمان، حەرەسێك هەبوو ئامر سریەبوو سەیارەیەکی بۆقەکانی پێ بوو، ووتیان ئەو پیاوە پیاوێکی چاکەو چاودێری مناڵەکان ئەکات، کەهاتنەوە بینیمان جلوبەرگی پاك و تازە لەبەریانەو کۆمەڵێك لەعابەو شتی منداڵانە بەدەستیانەوەیە، کوڕە گەورەکە ناوی (چیا)بوو، بانگمان کردە لاوەو پرسیارمان لێی کرد ئەویش زۆر بڕوای بەئێمە هەبوو، چونکە یارمەتیمان ئەداو





ئامۆژگاریمان دەکرد، متمانەی پێمان پەیداکردبوو، ووتمان ئەمڕۆ دیارنەمابوون بۆ کوێ چوون؟ ئەو ڕۆژە تا ئێوارە پرسیارمان لێی کرد هیچی پێمان نەووت، هەڕەشەیان لێی کردبوو کە هیچ شتێك نەڵێت، دوای من زۆر هەوڵم لەگەڵیدا ووتم کە دیار نەمان بۆ کوێ چوون؟

لە کۆتایدا ووتی قسەیەکت بۆ دەکەم بەڵام لای کەس باسی مەکە، ئەمڕۆ ئەو ئامر سریەیە بردمانێتی بۆ دبس بۆ ماڵ موختارەکە، ووتی موختارەکە ووتوویەتی دایکت هەموو ڕۆژێك دێتە ماڵ ئێمەو یەخەی کراسەکەی ئەدڕێت تاخوار، (چونکە خۆیان ئەنفالکرابوون و دایکی نەگیرابوو)، دایکم ووتبووی یان منیش بکەنە ژوورەوە بۆ لای منداڵەکانم یان منداڵەکانم بەردەن و بیدەنەوە پێم من دەزانم لەگەڵ ئەو خەڵکەدا گیراوە، موختارەکەش بانگی ئەو ئامرسریەیەی کردووەو بەڕوویدا بینوویەتی و زانیەتی پیاوێکی باشەو قسەناکات وەزعەکەی بۆ باس کردووە، ئامر سریەکەش ووتیەتی بەڵێ لەکاتی ناونووسین و جەرد سەیری ناوەکانم کردووەو ماون و لێرەن و هیچیان لێ نەهاتووە، موختارەکەش ووتوویەتی دایکیان ناوزگی منی خواردووەو هەموو ڕۆژێك دێت بۆماڵمان و دەڵێت یان منیش بکەنە ژوورەوە بۆ لای منداڵەکانم یان ئەوان ئازادبکەن و بیدەنەوە دەستم، ئەمانیش ووتوویانە نە بۆمان هەیە تۆ بکەینە ژوورەوەو نە دەتوانین ئەوانیش بەربدەین، چونکە سەرژمێری کراون و ناتوانین کەم و زیادی بکەین، نەبۆمان هەیە تۆ ببەینەلای ئەوان و نە دەتوانین ئەوان دەرکەین، تەنها دەتوانین دڵنیاتان بکەینەوە کە منداڵەکانت ماون و سەلامەتن، موختارەکەش زۆری لە ئامر سریەکە کردبوو وتبووی دایکیان بڕوا ناکات مابێتن ئەگەر

بتوانی بۆ سەعاتێکیش بێت بیانهێنیتە ئێرەو بیان بینێت سوپاست ئەکەین، ئامر سریەکەش ووتبووی ناتوانم بیانهێنم چونکە منداڵن، ئەترسم بیانهێنم و دواتر قسەبکەن و منیش تیابچم، ژنەکە(دایك منداڵەکان) ووتبووی :
کوڕەگەورەکەم عاقڵەو لێی مەترسەو ئەوانیتریش منداڵن و نافامن، ئامر سریەکەش بە ژنەکەی وتبوو زەمانەت چیە من ئەو منداڵانەم هێناوە لات دواتر بیانخەیتەوە تەکم تا بیانبەمەوە بۆ سجنەکە، چونکە من تیادەچم ئەگەر نەگەڕێنەوە، ژنەکەش ووتبووی باشە بەسەر چاو من قسەیان لەگەڵ دەکەم تا بگەڕێنەوە لەگەڵت، کوڕە گەورەکە عاقڵ و فامیدەبوو، خۆی ئەمانەی بەهێواشی بۆ گێڕامەوە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەگەڵ دایکیان بوون لەماڵ موختارەکەو دواتر گەڕاندیانیانەوە بۆ سجنەکە بۆ لای ئێمە، ئەو بەمنی دەگووت توخوا لای کەس باسی مەکە، تا هەموومان پێکەوە بەربووین.
بەعسیەکان پیاو باش و پیاو خراپیشیان هەبوو، بەڵام جیاوازیەکان ئەوەبوو باشەکانیان دەگمەن و خراپەکانیان بە سەدان بوو، بۆنموونە چەند کچێك هەبوون لەوێ، ڕۆژێك کچە بچووکەکە بلملی نەدابوو، ئامر قاتعەکە ووتی پێی : لەچکەکەت باش بدە ئێوە ئامانەتن لای ئێمە، بەیانی شتێکتان لێبێت بەسەر ئێمەدا ئەشکێتەوە.
هەر لە دبس (زارای مەلا برایمیش لەگەڵمان بوو) میم جەهان دایکی وەستا حاتەمیش لەگەڵمانبوو، پێکەوە دانیشتبووین ئافرەتێك هات ووتی پیرەژنێك گیان ئەدات لەو خوارە بۆ نایەن بڕۆین، من و میم جەهان و زاراش چووین بۆلای و خەڵکی ناوچەکەی خۆی دەوریان لێدابوو، ووتیان زۆر بێ کەسەو تەنها یەك کوڕی هەیە فیراربوو





وگیرا، بان دەموچاوی هەمووی مێش بوو، منیش ووتم خزمەتی باشی بکەن تا زیندووەو بۆ ئەهێڵن وابێت، با خزم و ناسیاریشی لێرە نەبێت، مەرج نیە تەنها خوشك و دایك و میمکمان خزمەت بکەین لەوەها حاڵەتێکدا، میم جەهانیش بەدەنگ زۆر لەسەری گریا، زاراش گریا بۆ برای شەهیدو خزم و کەسوکاری ئەنفالکراوی، ژنێکی خەڵکی مەنتیقەکەی خۆیان زۆر عاقڵ بوو ووتی : ناو کیسەو پریاسکەکەی بگەڕێن بزان هیچ ڕەسم و یادگارییەکی کوڕەکەی لای نییە تا بیخەنە سەر دڵی و سەبووری پێی بێت، گەڕان ڕەسمێکی کوڕەکەیان دۆزیەوە زەعیفێك بوو ڕیشدار، نایانە بان دڵیەوە، تا ئێوارە ماو پاشان کۆچی دوای کرد، زۆردڵمان پێی سوتا.
ڕۆژانە هەراو زەنای زۆر دروست دەبوو، قاپ و مەنجەڵ نەبوو، ژنی منداڵدار خواردنی لێ دەمایەوە هەڵیدەگرت لە پەنجەرەیەك یان شوێنێکدا هەڵی دەگرت هەرکاتێك منداڵەکەی داوای بکردایەت ئەیداپێی، لە سەتڵی ماسدان ڕۆژانە لەسەر ئەو سەتڵە ماسە شەڕ دەبوو، ئەم ئەیووت بۆ من و ئەویتر ئەیووت بۆ من، ووتم عەیبە ئێمە لە سجندابین و شەڕ بکەین، ژنی واهەبوو قەناعەتی پێت دەکرد و دەیگووت بابە من منداڵەکەم دەگیرێت بۆ خواردن، چونکە خواردنەکانیان دەبردەوە، تەنها مەگەر خۆت هەڵتبگرتایە، ئەیووت من دەزانم منداڵەکەم سەعاتێکی تر برسی دەبێت، بۆی هەڵدەگرم، منداڵ زۆر دەمرد، دوو عەسکەری ڕۆژانە سەموونیان بۆمان ئەهێنا بە ئیڤا وسەیری کچی جوانیان ئەکرد، دوو کوڕ هەبوون لەناو سجنەکەدا یەکێکیان ناوی ئیدریس بوو، ئەویتریشیان ناوی حەمە بوو، وابزانم بە ئەسڵ خەڵکی ناوچەی چەمچەماڵ بوون، زۆر ئازاو

بەغیرەت بوون، دەدوانزە ساڵێك بوون، ڕۆژانە بەدەم دەستمانەوە بوون، بمانگووتایە شتێکمان دەوێت بۆمانیان دەکردو عاقڵ و ژیربوون، ڕۆژێك هانیانم دا ووتم ئەو دوو عەسکەرە زۆر لەبەردەم بۆڕیەکەدا خۆیان تاخیر دەکەن بەشێوەیەکی نائاسایی سەیریان بکەن بزان نایانترسێنن، کوڕە عاقڵەکانیش ئەوەیان پێ تەحەموول نەکرابوو ڕۆیشتبوون دەڕنەفیز ناو سەیارەکەی عەسکەریەکانیان دەرکردبوو، دەموچاویان پێ کووت و مت کردبوو، بەتایبەت سایەقەکە، من پێیانم نەووت وا لێیان بدەن، تەنها ووتم تۆزێك خۆتان مۆن بکەنەوە تا لێتان بترسن و بزانن بەو هەڵسوکەوتەیان توڕەتانیان کردووە، نەك بەو شێوەیە لێیان بدەن، چونکە ئەترساین بیانکوژن ئێمە لەزیندان بووین نەماندەتوانی هیچ شتێك بکەین.

**دلێر کەریم / چۆن ڕزگاریان بوو؟ چییان لێکرا؟**

ڕەحمە نجم الدین / قاعەکانی دبس( قاعەی عەسکەری) هەمووی بەدەم یەکەوەبوو، بەڵام جیابوون، وەك قاعەی حوزەیران و ئەندەلوس و ...هتد، حەمەو ئدریس هەڵگژابوون بە دنگەیەکدا (کە لەناو قاعەکاندابوون)و جلوبەرگەکانیان داکەندبوو، تەنها شەرواڵە کورتێکیان لەپێیاندا هێڵابووەوە، لەوسەر قاعەکەوە دابەزین وهاتنەوە بۆ ناو قاعەکەی خۆیان و تا ئێستاش کەس نەیانیناسیەوە، کەس ئیخبارییانی نەکرد، وا عەسکەریەکانیان ترساند ئیتر قەد نەیاندەوێرا بێنەوە بۆ قەد ئەو دیوارەی تەنیشت بۆڕیە ئاوەکە کە ژنان ڕۆژانە سەردانیان دەکرد بۆ قاپ شۆردن و دەمچاو شۆردن، بۆئەوەی نەناسرێنەوە سێ ڕۆژ چوون لەقاعەی ناوەڕاست لەماڵ میمکیان دەخەوتن، دوو کوڕی زۆر ئازاو بەغیرەت بوون، پێیان ناخۆش بوو عەسکەریە عارەبەکان سەیری کچان و ژنانی کوردیان دەکرد بۆیە وا خراپ دایان لە دوو عارەبەکە، قادر ناوێك هەبوو لە منداڵە کوردەکان بەردەستی جێش شەعبیە بەتەمەنەکانیان دەکرد کە بەڕۆژووبوون، ئەوانیش خواردنی زیادەیان دەدا پێیان، دەی گووت پیاڵەکانمان دەبرد بۆ شۆردن دانە دانە لێیان دەشکێنین و فڕێی دەدەین و دوای بە جێش شەعبیەکان دەڵێین لەدەستمان کەوتوونەتە خوارەوە، لەداخی ئەوەی ئێمەیان زیندانی کردووە لە خۆڕای، خۆ بەوشێوەیە نەبێ ناتوانین تۆڵەی خۆمان بکەینەوە، با چای نەخۆن، کە هاوین هات، ووتیان ئەوانەی وا خواردن دابەش دەکەن خاولیان داوەتە بن ملیانداو عارەقیان کردووە، دواتر خەڵك بینیبوونی دڵۆپە عارەق کەوتووەتە ناو خواردنەکەوە، منیش بۆماوەی یەك مانگ خواردنەکەیانم نەخوارد، خواردنەکەیان خراپ بوو، خەڵك لاوازبوو، نەخۆش ئەکەوت، هەندێك کەس هەبوو ژێر بوو کە برنجێك خراپ بکرایەت وەریدەگرت و دەیکردە ناو قاپێك و دەیکردە شۆرباو بە شۆربای دەیدا بە منداڵەکانی، ژنێك دەناسم بەناوی مریەم سێ منداڵی لەوێ مرد، نەخۆشی زگ چوون بڵاوبووەوە، ژنێکی تر خەڵك چەمچەماڵە منداڵێکی لەوێ مرد، مردن لە کاتی ئاسایدا ڕەنگە هێندەی ئەوە کارەساتاوی نەبێت کە منداڵەکەت بمرێ و تا دوا هەناسەی بەحەزرەت خواردنێکی خۆشەوەبێت، خەمی ئەوێ تەنها خەمی مردن نەبوو، بەڵکو خەمی ژیانی پێش مەرگ بوو کە لە ژیانی ئاسایی نەدەچوو، کارەساتێکی زۆر ناخۆش و خەمهێنەر بوو، ئەو ماوەیە لەوێ ماینەوە هەر لە یەکەم مانگەوە ڕۆژانە دەهاتن لە قاعەکانی ئەو سەرەوە خەڵکیان دەبرد، ئێمە دەمانزانی سەیارە داخراوەکان دەهاتنە ژوورەوە بەڵام وامان دەزانی خەڵك دێنێ، تا

ئەو خێزانانەی خزمیان لە قاعەکانی ئەو سەرەوە بوو خەبەریان بۆ هاتبوو ڕۆژانە دێن خەڵك دەبەن، تەنانەت زۆر بە شێوازێکی ناشرین خەڵکیان دەبرد، نەیاندەهێڵا شت لەگەڵ خۆتاببەیت، تا ئەویٚ دەیانهێڵا قەمسەڵەی منداڵ و مەمەو شیر و کەل وپەل ببەی، بەڵام لەوێوە ئیتر نەیانهێڵا هیچ ببەیت، لەوەوە زانیمان بۆ شوێنێکی خراپ دەمانگوازنەوە، ووتیان ژنێك بە جێش شەعبیەك ووتوویەتی کەمێك ئاوی خواردنم بۆ بێنە بۆ منداڵەکەم، لەوکاتەدا کە ئاوەکەی داوەتە دەستیەوە ووتوویەتی باش بۆ وا بەیانی زوو دێن دەمانبەن؟ ئەویش لەوڵامدا ووتوویەتی بۆ شوێنێکی زۆر دوورتان دەبەن.

خەبەرمان بۆ هات مەمەو شیریان لەدەست ژن سەندووەو فڕێیانداوە و باریانیان کردووە، خوشکێکی خۆم بەناوی خەجیٚ(خێزانی مام فایەق لە قەواڵی، دایك وەستا حاتەم)، لە قاعەکەی ئەوسەربوون بردیانیان، کە لیژنەکە دەڕۆیشت خەڵکمان دەنارد بۆ هەواڵ پرسین ئەوانیش دەیانگووت ئەو خێزانەی ئێوە دەیناسن براوون.

**دلێر کەریم / باشە نەتاندەپرسی لە جێش شەعبیەکان کە بۆ کویٚ دەبرێن؟ بەکوردی و کوورتی لەوکاتەدا دەتانزانی بۆ مردن دەبرێن؟**

ڕەحمە نجم الدین / ژنێك دەناسم ئێستاش لە چەمچەماڵ ناوی (ئایشە عارەب) بوو، ژنێکی زۆر چاوکراوەبوو، عارەبیەکی زۆرباشی دەزانی، خوشکی شەهید(ئەرپە)یە، زۆر چاوکراوەو لێهاتوو بوو، زۆرجار دەچوو بۆلای جێش شەعبیەکان تا قسەیان لەگەڵدا بکات و زانیاریان لێوەرگرێت، ڕۆژێك ووتی جێش شەعبیەك ووتوویەتی : خێزانێك لێرە براون لە کەرکووك دەرنەکراون و گووللە باران کراون، ئایشە ووتی جێش شەعبیەکە سقەی بەمن بووە بۆیە قسەی بۆ کردووم، منیش سقە بە ئێوە دەکەم، بەڵام بڵاوی مەکەنەوە لای کەسیتر باسی مەکەن، براژنم (ڕەسمیە) ووتی : ئایشە حەق نییە تۆ ئەو قسانە باس بکەیت، چونکە خەڵك هەیە نەخۆشی دڵی هەیە، کە ئەم قسانە ببیستیٚ دەستبەجیٚ دەمریٚ، مەرج نییە ئێمەش وەك ئەوانمان لێببێت، دنیا بە ئومێدەوە جوانە، ئایشە گوێی پیٚ نەدەداو دەیگووت، یەکێك دەیگووت بۆ نوگرەسەلمانە، یەکێك دەیگووت تکریتە، نامە گۆڕینەوەش هەبوو، هەندێك لە جێش شەعبیەکان دەیانگووت ئێمە ئیشی وادەکەین باجەکەی خوێنی خۆمانە، خوێنی ژیانی ماڵ و منالْمانە، کە سقەیان بەکەسێك بکردایە نامەیان دەبرد بۆچایخانەیەك یان دوکانێك بۆ خزمی سجنەکان و لەوێشەوە نامەی خزم و کەسوکارەکانیان دەهێناوە بۆ ناو سجنەکە.

ڕۆژانە دکتۆری عەسکەری دەهاتە ناومان، یەکێك لەو دکتۆرانە کورد بوو بەناوی کامەران، ئێستاش خوشکێکی دەناسم لە (حوریەیە) بەناوی عەسری، بەبراژنم ڕەسمی کردبووە جواب ووتبووی ئەوکەسانەی کە دەزانی عاقڵن و سقەت پێیان هەیە، بڵیٚ با نامە بۆ خزم و کەسوکارەکانیان بنووسن و بیکەنە ناو بەرگی حەبێك یان قەترەیەکەوەو بەمن بڵیٚ ئەو حەپە یان ئەو قەترەیەم بۆ بێنەو بیکاتە ناو سەدریەکەمەوە، بەشێوەیەکی عاقڵی نامەکە بنوسیٚ و ڕاسپێریەکەی بنووسیٚ و بمداتیٚ، ڕۆژانە زۆر نامەی بەو شێوەیەمان ئاڵوگۆڕدەکرد، کە دەهاتەوە دەڕۆیشت دەیگووت لەبەردەم بۆڕیەکە دەستم دەشۆم و شتەکانی ئاڵوگۆڕدەکرد، دکتۆرێکی زۆر زیرەك و وریابوو.

**دلێر کەریم / ئێوە خۆتان هیچ نامەو ڕاسپاردەتەکان ئاڵوگۆڕکرد؟**

ڕەحمە نجم الدین / بەڵێ، براژنم ڕەسمیە دووسێ جار نامەی ناردەوەو هەواڵی خەڵکی پرسیبوو، نامەکانی ناردبوو بۆ باجی (ئیلهام)ی خووشکی، ئەویش وڵامی دەدایەوە، من ڕۆژێك بە براژنم ووت حەزدەکەم نامەیەك بنووسیت بە دوورودرێژی و پرسیاری هەواڵی کاکەم (ئەمین)ی لێ بکەیت بزان بەربووە یان زیندانیە، چونکە ئەو لە دبز لێمان جیاکراوەو تەمەنیشی فیرارنەبوو، بەتەمەن بوو، شەوانە خەوم پێوە دەبینی، خەوی ناخۆش ناخۆش، کچێکی کاکەم ئەمین ناوی (شوکر)بوو، پێش ئەنفال بەهۆی نەخۆشیەوە ناردمان بۆ کەلار، وتمان بزان ئەویش گیراوە یان نا، کوڕێکی گوڵاوی خوشکم نەخۆش بوو، ووتیان ناردوویانە بۆ بەغدا ووتمان بزان تەندروستی چۆنە، تەنها ئەو کوڕەی هەبوو ووتمان بزان ماوە یان نا، زۆر نەخۆش بوو، ووتم براژنم ئەم هەواڵانەم بۆ بنووسە با وڵامان بدەنەوە، براژنم ووتی تۆ زۆر سەیریت من تەنها ئەتوانم بنووسم ئێوە چۆنن و ئێمە باشین خۆ ناتوانم وا بەدوورودرێژی شت بنووسم، ئێمە زیندانین پێمان بزانن خراپە، براژنم هەرچەند وای بەمن گووت، بەڵام بەڕەمز پرسیاری کاکەم ئەمین و شوکری برازام و منداڵەکەی گوڵاوی خوشکمی کردبوو، کە وڵامی نامەکەمان بۆ هاتەوە براژنم ڕەسمیە چووبوو دەرزی بدات لە کچێك کە (کوڵاژدم)دووپشك پێوەیدابوو پێش کەمێك هاتنە شوێنیداو بردیان، قادر هاتە تەنیشتمەوە کە خوێنەواری هەبوو چووینە تەنیشت هەندێك جل و پێخەفەوە بە هێواشی بۆمی خوێندەوە، نووسرابوو کاك ئەمین ڕزگار نەبووە(ئەنفال)ەو شوکری لەکەلارەو منداڵەکەی گوڵاو یش مردووە،





تەنانەت قادر ووتی لەکۆتایەکەیەوە نووسراوە باجی ڕەسمیە ئەم قسانە مەڵێ بەڕەحمە با خەفەتی پێ نەخوات، بەڵام ئەوەتا من بۆتم خوێندەوە.

دوای ئەو هەواڵە ناخۆشانە من زۆر خەفەتم دەخوارد، بەڵام نەمدەهێڵا خەڵك هەستم پێبکات کە شتێك، هەواڵێك دەزانم بۆ ئەوەی نەڵێن نامە لە سجنەکە دەڕواتە دەرەوەو لە دەرەوەش هەواڵ و دەنگوباس دێتەناو سجنەکەوە، باش دەزانی ئەگەر خەڵك بزانێت بڵاوەی پێ دەکرێت و بەخراپ بەسەرماندا دەشکێتەوە، ئەوکاتە عەسکەری و جێش شەعبیەکانیش نەیاندەوێرا شتمان بۆ بهێنن و ببەن، بەهەرحاڵ ئەو ژنانەی وا عاقڵ بوون و سڕیان قووڵ بوو و نەیاندەکردە هەرا دەیانتوانی بەو شێوەیە هەواڵی زیندان بنێرنەوە بۆ کەسوکارەکانیان و هەواڵی دەرەوەی زیندانیش بزانن، ئیتر وەك سەرەتاش ووتم ڕۆژانە وەجبە وەجبە لێمانیان دەبرد بۆ شوێنی تر، کەس بەتەواوەتی نەیدەزانی بۆ کوێ یە، یان چیمان بەسەردێت، خەجێی خوشکم دەهاتە لامان دەیگووت : ئەگەر ئێوە پێش ئێمە دەرچوون لەسجن و ڕزگارتان بوو چاوتان بەمنداڵەکانمەوە بێت، منیش دەمگووت : خوشکم ئەگەر ئێوە پێش ئێمە دەرچوون چاوتان بە منداڵەکانمانەوە بێت.

**دلێر کەریم / منداڵەکانی خەجێی خوشکت لەکوێ بوون وا دەیگووت ئەگەر ئێوە دەرچوون چاوتان پێوە بێت لەگەڵ خۆی نەبوون؟**

ڕەحمە نجم الدین / نەخێر منداڵە گەورەکانی پێ نەبوو، تەنها منداڵە بچووکەکانی لەگەڵ بوو، لە لای کەلار، وابزانم لای سەرقەڵا هاتبوون کاك فایەق و کوڕەکانیان دەرکردبوو، بەنیازبوون بێن

کچەکانیش دەرکەن ئیتر گواسترانەوە، خەڵك تەنها ترسی لە پیاوو گەنجەکان بوو، بۆیە لەپێشدا هەوڵی دەربازکردنی کوڕەکان و پیاوەکان دەدرا، نەدەزانرا و بەبیری کەسدا نەدەهات کچ و ژنەکانیش زیندانی بکرێن، خەڵك قەناعەتی وابوو ئافرەتان و ژنان، کچان بەئاسانی ڕزگاریان دەبێ، نەیاندەزانی حکومەتی بەعسی دڕندە دەستیان لێ ناپارێزێت و زیندەبەچاڵیان دەکات، خەجێی خوشکم سێ چوارجار هاتە لامان و دەیگووت من لەخۆم ناترسم لەکاکەم (ئەحمەد) دەترسم فیرارە، ئەترسم شتێکی لێ بێت.

ڕۆژێك ئەو گواستنەوەیەی کە لەبەرەوە لێمانیان دەبرد ڕاوەستا، لەزاری جێش شەعبیەکەوە بیستمان ووتی : ئەبوایە ئێوەش ببرایەن و بگواسترایەنەوە، بەڵام ئێوە فریا نەکەوتنەو لێرە ماونەتەوە، بەڵام نەیدەگووت بۆ کوێ براون، تەنها ووتی ئەو بڕیارە وەستاوە کە خەڵکمان پێی گواستەوە، خەڵك زۆربوو، دواتر بەپێی جەردەکان زانیمان نزیکەی ٧٥٠ کەس دەبووین، بەسەیارەی (مقەپەت)داخراو گواسترانیەوە نەماندەزانی بۆ کوێ، تاڕادەیەك ئەم گواستنەوەیەشمان زۆر زۆر خراپ نەبوو، زۆر ڕێمان کرد، دووربوو، لە کونێکی وەك هێڵەکەوە کە ئەوەندەی شاشەی مۆبایلێك دەبوو دەمانتوانی دەرەوەببینین، کچێکی وریاو زیرەکمان بەرزکردەوەو وتمان بزان هیچ تابلۆو قتعەیەك نابینی و بیخوێنیتەوە تا بزانی هێنامانیان بۆ کوێ، ووتی وەڵا نووسراوە تکریت، لەوەوە زانیمان گواسترانیەتەوە بۆ تکریت، لەدبس مەعەسکەرێك بوو، دەورمان سیم بوو، ئەودیوو سیمەکە دیواربوو، کە هاتینە تکریتەوە کراینە ژوورێکەوەو دەرگاکەی قوفڵ و کلیل بوو، دواتر هەواڵمان زانی کە ئەوێ مەرکەز ئەمنە، ڕۆژانە سێ وەخت خەڵك بۆ سەرئاوکردن





دەردەکراوە دەرەوە، نزیکەی ٧٥٠ کەس دەبووین، ئافرەتێکی هەمەوەندیمان لەگەڵ بوو ناوی لەیلا بوو ئەیگووت قاعەکەی من ٢٠٠ کەسە، ئافرەتێکی سلێمانیمان لەگەڵ بوو ناوی بەسیرە بوو ئەیگووت قاعەکەی من ٢٠٠ کەسە، قاعەکەی من و براژنم ڕەسمیە ٢٠٠ کەس بە شێوەیە زانیمان ٧٥٠ کەسین، لەتکریت، نزیکەی نۆ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، بەڵام پێمان سەیر بوو لەوێ خواردنێکی باشیان ئەدا بەخەڵك، مەسوول خواردنێکمان هەبوو کەمێك بەتەمەن بوو ناوی حەموودی بوو، ئیتر نەمانزانی شیعەبوو، چی بوو، بەڵام هەڵسوکەتی زۆرباش بوو لەگەڵ خەڵکەکەدا، کە خواردنی ئەدا بەخەڵك، بەتایبەت منداڵەکان، دوای دەهاتەوە سەیری دەکرد، ئەیگووت نەك خواردن کۆمەڵێك زۆربێت و هی کۆمەڵێك کەم بێت، دەیگووت خوادەزانێ ئەچمەوەماڵەوە ئاسوودەنابم ئەگەر هەست بکەم منداڵێك کەمتر خواردنم پێی داوە، زۆر پیاوێکی چاك بوو، بینی ئێمە سەرپەرشتی دەکەین و منداڵی زۆرمان پێنیەو پاکترین، جل و بەرگمان ڕەش بوو(بەهۆی کۆچی باوکمەوە)، دەهاتە لامان و دەیگووت خوا دەزانێ من پیاوخراپ نیم و حەزدەکەم هەر پێویستی و کەموکورتیەکتان هەبێت بەمن بڵێن با بۆتان جێبەجێ بکەم، ئێمە لەدەموچاو وڕوخساریدا دەمانزانی پیاوێکی باش و بە بەزەییەو لە پیاوخراپ ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەماندەوێرا، یان بابڵێم سقەمان نەدەکرد قسەو نهێنی خۆمانی پێ بڵێین، بەڵام ڕۆژێك براژنم ڕەسمیە پێیگووتبوو ئەم خێزانە ماوەیەکە باوکیان، سەرگەورەی خێزانەکەیان مردووە، مەبەستی لە (حاجی نەجمەدین)ی باوکم بوو، چونکە باوکم هێشتا سەر چلەی نەکرابوو ئێمە ئەنفال کراین، براژنم تەنها ئەوەندە نهێنی درکاندبوو لای ئیتر

**هیچی ترمان نەووت، دوای هەشت ڕۆژ، سەرلەبەیانیەکەی میزێکیان هێناو کۆمەڵێك ئەمن کە بەشێوازێکی زۆرناشرین سەیری خەڵکەکەیان دەکرد، هاتنە ناومانەوە، ووتیان وەرن هەرچی پارەو ئاڵتوون و شتتان پێیە بماندەنێ بۆتان دەکەینە زەرفەوەو ناوتانی لەسەر دەنووسین بۆئەوەی کاتێك ئازادکران بتاندەینەوەو لای خۆتانەوە بزر نەبێت، لەکوێ بەربوون ئەتاندەینەوە، بەڵام شێوەی تەعاموول و سەیرکردن و ڕەفتاریان پێمانی دەگووت ئەمنەکان درۆدەکەن، دەمانزانی وانییە، کچێکی بچووك گوارەیەك لە گوێی بووایە یەك دووجار هەوڵیان ئەدا پەتەکەی بکەنەوە، بکرایەتەوە باش بوو، نەکرایەتەوە بەلایانەوە ئاسایی بوو گوێی بپچڕێنن، ئیتر بۆئەوەی ئەو حاڵەتە ڕوونەدات، براژنم ڕەسمیە مووسێکی هەڵگرت و پێش ئەوان پەتەکەی گوارەکانی دەبڕی و دەیدابەدەستی ئەمنەکانەوە تا ئازاری گوێی کچەکان نەدەن، چونکە براژنم زۆر سەردەرچوو، لێهاتوو، عەرەبی زانبوو، هەمیشە تەرجوومەی دەکرد لە نێوان خەڵکەکەو پیاوانی بەعسدا، دەواو دەرمانیشی لێیان وەردەگرت و لەکاتی پێویستیدا بەکاری دەهێنا بۆ نەخۆشەکان، دوو ژن هەبوو خەڵکی ناوچەی زەڕایەن بوون، یەکێکیان ناوی (بەدریە) بوو چاوشینێك بوو کەڵەگەت، هاتەلام ووتی دوو کچم پێیەو ئاڵتوونێکی زۆریش، ئەو ژنەکەی تریش ووتی : هەشت کچم پێیەو هەموو پارەی ڕان و ماڵ و ڕزقی هەموو ئەم منداڵانەم پێیە، هەردووکیان زۆر هۆڵیان بوو کە چی بکەن و چۆن هەموو پارەو ئاڵتوونەکانیان تەسلیمی ئەمنەکان بکەن، ئەی منداڵەکانیان چی بکەن، من بە (بەدریە)م ووت ئاڵتوونەکانت بکە بەقۆڵ کچەکەتەوەو قۆڵی کراسەکەی بە پەتێك لای دەستیەوە ببەستە، براژنم ڕەسمیە**





**پێی ناخۆش بوو، ووتی ڕەحمە تۆ تەکبیر بۆکەس مەکە، ڕەنگە یەکێك لەومنداڵانە ئاشکرابێت و ئاڵتوونەکانی پێ بگیرێت و ئەوانیش خۆیان، یان دایکیان لە حەیبەت ڕووح و گیانی خۆیاندا بڵێن ئەو ژنە پێمانی ووت وابکەن، سەرەڕای هەموو ئەمانەش خەڵکەکەم دەبینی زەبوون بوون هەر یارمەتیانم دەدا، بەخوا لەناو قاعەکە پارچە خێمەو فەردە پەتاتەم هەڵگرتووەو دەرپێکورتم بۆ منداڵ کردووەو پارەو ئاڵتوونی خەڵکم تیایدا هەڵگرتووە، چونکە پێنج شەش مانگێك بەسەر سجن بوومان‌دا ڕۆیشتبوو جل و بەرگ هەمووی کۆنەبوو، هی زیادەنەما، وە حەفازەو شتی واش نەبوو، بەڵام من بەوشێوە پارەی خەڵکم پاراست، نەمهێڵا پارەی ئەو ژنەش هەمووی بفەوتێت، ووتی ئاخر نەترسم، ووتم نەخێر وەك شەڕواڵی کورت و حەفازە بیکە پێ و پارەکەشمان کردە ناو پارچە پەڕۆیەکەوەو پاشان لایلۆنمان پێوەی کرد، ووتم خۆ ئەوان ئەو منداڵانە تەفتیش ناکەن، بەخوا وەك خەڵکەکەی تر ١٠ دیناریان تەسلیم کرد، دوای کە لەتەفتیش دەرچووین ئەیگووت خۆزگە ڕۆژێك بێت بتبینمەوەو ئەو پیاوەتیەی تۆ لەگەڵ ئێمەت کرد بتدەمەوە، بەخوا براژنم تا هەموو خەڵکەکە تەواو بوو هەر تەرجوومەی دەکردو بەپێوە لەگەڵیان وەستابوو، ئیشی بۆیان دەکرد، لەدوایدا کە خەڵکەکە تەواوبوو پێیان ووتبوو کوا ئەڵقەو سەعاتەکەی خۆتیشمان بدەرێ، براژنم کە دوای ووتی سەیرکەن چەند بێسفەتن، من لەسەرەتاوە تا کۆتای لەگەڵیانم کەچی ئەڵقەو سەعاتەکەی خۆمیشیان لێم سەند، دواتر بە نیوەو ناتەواوی لەچەمچەماڵ ئەو پارەیەیان دایەوە خەڵکەکە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ بە نیو سەعاتێك پێش خۆرئاوابوون، سەعات ٥ ئێوارە بەچەند**

**سەیارەیەکەوە بەخێرای هاتن و دەورمانیان گرت و خۆیان کردە ناو خەڵکەکەدا، لەپڕدا هاتن، خێرا خێرا ناویان دەخوێندەوەو خەڵکەکەیان سواری سەیارە داخراوەکان دەکرد، یەك ژنێك یان منداڵێك کەمێك تاخیر بووایەو دوابکەوتایەت، هەڵیاندەگرت و دەیانکوتا بەسەر ئەوەکەی تردا، وەك دۆڵمە خەڵکیان لەسەر یەك کەڵەکە دەکرد، زۆر بێ ویژدانانە دەجوڵانەوە، ئەو سەیارە پڕدەبوو، تۆزێك دەیانبردە ئەولاترەوە بۆ ئەوەی شوێنی یەکێکی تر چۆڵ بکات و ئینجا ئەویشیان پڕدەکرد لەخەڵك، هەموو خەڵکەکەیان کردە ناو سەیارەکانەوە تەنها یەك ئافرەتێك مایەوە، ئەو ئافرەتەش ئێستا دەناسم ناوی پەروینەو خەڵکی ناوچەی شێخ جیریە، ئەو ژنە تەنها خۆی گیرابوو، منداڵی نەبوو، ناوەکەیان نەئەدۆزیەوە، دوو ژن لە دبس ڕایانکردبوو، ئێمە لەناو سەیارەکە بووین بەتەنیشتمانەوەبوون دەمانزانی لێی توڕەبوون و ئەیانگووت تۆ بۆ ناوت نیە؟ دیارە بەنیازی ڕابکەیت، خۆیان تێکدابوو، توڕەبووبوون، ووتیان تۆ منداڵت پێنیە ئەتەوێت ڕابکەیت؟**

**ژنەکە زۆر ورياو زیرەك و چاو نەترس بوو، پێیانی ووت کاکە ئێوە خۆتان پەشۆکاون و توڕەن و هیچ نابینن، وردببنەوەو بگەڕێن ئەگەر ناوم لە سجلەکەدا نەبوو چی دەکەن بیکەن، پەروین کەریم پەروین کەریم هەموویان لەدەوری کۆبووبوونەوە، چونکە بەتەنها خۆی مابووەوە، لەسەری کۆبوونەوە بۆ ناوەکەی دەگەڕان، لەو لەحزەیەدا کە بۆ ناوەکەی پەروین دەگەڕان سارد بوونەوە، سەیارەکان کەمێك جوڵان و ووتیان یاڵا دابەزن، ئەو خێزانانەی وا لە سەیارەی یەکەم و دووەم سەرکەوتبوون، لاشە لەبان لاشە، کارەساتێکی زۆر خراپیان بەسەر هاتبوو، ئەوانەی لە دوایدا**





**بارکرابوون، باشتر بوون، کە دامانیان گرت، ئافرەتێکم بینی کە دابەزی لە سەیارەکە منداڵێکی کۆرپە بە باوەشیەوەبوو بوورایەوەو منداڵەکە لەدەستی کەوتە خوارەوە، لەهەمان شوێندا ووتیان هەرکەس بۆشوێنی خۆی، کەس شوێنی خۆی نەدەناسی، ئەوەندە ترسابوو، شوێنەکەی خراپ بوو، بێ ئومێدی باڵی بەسەر بیرو خەیاڵی خەڵکەکەدا کێشابوو، خەڵك نۆ ڕۆژ بوو لەوێ بوو کەچی دەچوونە قاعەی یەکتریەوە، بەهەرحاڵ ئەو بارکردن و داگرتنە هێندە ترسێنەربوو، سەری لەهەموو خەڵك شێواند، ژن منداڵی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوەو قیژەو هات و هاواربوو، ئەمنەکانیش توڕەبوو بوون و دەیاننەڕاند، هەر لە دەروازەکانی مردن دەچوو، بەڕاستیش هەروا بوو، ئەوێ دەروازەی مردن بوو، دەمانزانی ئەمە دوا گواستنەوەمانە بۆ مردن، بۆیە وا ڕەفتاریان لەگەڵمان ناخۆش بوو، پاش ئەوەی چووینەوە بۆ قاعەکانی خۆمان، حەموودی پیاوەباشەکە کە خواردنی دابەشدەکرد هاتەوە بۆ خواردن دابەشکردن و ووتی : بێن بۆ خواردن وەرگرتن، منیش بەبراژنم ووت با نەڕۆین بۆ وەرگرتنی خواردن، ووتم ئەوە هەڵسوکەوت بوو لەگەڵ ئێمە کردیان؟ مادام ئەوە ڕەفتاریان بوو خواردن وەرناگرین و بابمرین، خۆ مردنێکمان هەر لەسەرە، ئیتر ژنێك هات ووتی بڕۆن خواردن وەربگرن، ووتمان ئێمە خواردنمان ناوێت، حەمودی هات ووتی وێن ڕەسمیە وێن ڕەسمیە، براژنمیش ووتی زۆر هیلاکم و ناتوانم بێم بۆ خواردن وەرگرتن، ئێوە دەزانن چیتان پێمان کرد؟ لەناو سەیارەکەدا هەر مردین، ئیتر حەمودی خۆی خواردنەکەی بۆمان هێنا، هی ئەو ئێوارەیەشمان وەرگرت، دوای ئەوە هات ووتی شتێکتان بۆ باس دەکەم بەس ئێوە قەناعەتم پێ بکەن، ووتی**

برایەکم چەند ساڵێك سجن بووە لە ئەبوغرێب، بەعەقڵی خۆمان وتمان ڕەنگە شیعەبێت، ووتی لەحاڵی سجن دەزانم، بەڵام بڕوابکەن ئێوە بۆ شوێنێکی زۆر خراپ دەبران، بەڵام شانستان هەبوو بەر عافواتەکە کەوتن، ئێمەش بڕوابکەو بڕوامەکە نەماندەزانی چی بڵێین، تەنانەت ووتی دەزانم ڕەنگە بڕوام پێ نەکەن، ئەگەر ڕزگارتان نەبوو چی دەڵێن بیڵێن، کە ڕزگارتان بوو ئەوکاتە دەزانن ڕاستم لەگەڵتان کردووە یان نا؟

ئەو شەوە وا تێپەڕی، بۆ بەیانیەکەی ڕۆیشت بەشێوەیەکی نهێنی جەریدەی بۆمانهێنا، ووتی خوێنەوارتان تیایە، با ئەم جەریدە بخوێنێتەوە بزان چی تیا نووسراوە، جەریدەکەمان لە پەنایەك خوێندەوە ئەوەبوو بڕیاری عەفووعامەکەی تیابوو کە بۆ هەموو کەسێکە و تەنها شموولی مام جەلال ناکات، ئیتر لەوەوە زانیمان قسەکەی ئەوکابرایە ڕاستەو درۆناکات و دڵمانخۆش بوو کە بەردەبین، بۆ بەیانیەکەی سەیارەی داخراویان هێناو هەڵسوکەوتیان گۆڕابوو، باشتربوون، سواری سەیارەکراین خێزان خێزان، نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین، هەر ترسمان هەبوو، تەنها دڵمان بەوەخۆش بوو کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵماندا گۆڕاوە، کە لە شوێنەکەی خۆمان کەمێك دووركەوتینەوە یەکێك لەعەسکەریەکان کە پاسەوانی سەیارەکەی ئێمە بوو ووتی ئێوە بۆ دڵخۆش نیتان و چەپڵەلێنادەن و نایکەنە هەراو شایی؟ بەخوا ئێوە لەمردن گەڕاونەتەوە، خەڵکەکە هیچ سقەی نەبوو، هیچ چەپڵەڕێزان و ئەوانەی نەکرد کە تەعبیربێت لەدڵخۆشی، ماوەیەك ڕۆیشتین، هەمان قسەی دووبارەوە کرد، ووتی بابە بەخوا ئێوە لەمردن ڕزگارتان بووە، بۆ چەپڵەڕێزان ناکەن؟





ئێوە، لەمردن گەڕاونەتەوە، ئەم ڕووحەتان زیادەیە دەیکەن، تەنانەت براژنم ووتی بەخوا ڕەنگە جیهازو شتی وایان دانابێ چاودێریمان بکەن با دووسێ منداڵێك چەپڵەڕێزان و خۆشی بکەن، هانی یەك دوو منداڵمانداو ووتمان خۆشی بکەن، بەڵام خەڵکەکە ڕەنگی ڕەنگ مردووە، کەس سیقەی بەوە نەبوو جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ ژیان، خەڵکەکە وەزعەکەی ئێوارەی بینیبوو، هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی ئەوان لەو ئێوارەیەی پێشوودا نوواندیان، لەهەموو شتێکیان کردبوومانی بەگومانەوە، کەمێکی تر ڕێگامان بڕی، ئافرەتێك منداڵێکی پێبوو خەریك بوو لەهۆشی خۆی دەچوو، ووتیان ئەو ژن و منداڵە بێننەپێشەوە، بۆ نزیك شوێنی حەرەس و سایەقەکە، چونکە ئەوێ باشتر هەوا دەیگرتەوەو دەرەوەشی لێوە دیاربوو، بۆ ئەوەی منداڵی ژنەکە نەبوورێتەوە، دواتر کە وەزعی منداڵەکە باش بوو ژنەکە گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی بۆ لای ئێمەو ووتی دیمەنی دەرەوە بەوەی دەکرد هێنابێتمانیان بۆ کوردستان، ووردە ووردە ڕێمان بڕی تا مەغریبێك درەنگ گەیشتینەوە عەربەت، ئەهلی شارەزوورو عەربەت کارێکیان کرد بۆ ئەو خەڵکە تا مردن لەبیرم ناچێ، پیاوی واهەبوو دوو حەرەس بەکێبڵ و سۆندە دەیاندا بەبان دەستیا بەڵام هەر کۆڵی نەئەداو هەڵدەگڕا بە دیوارەکەداو تەماشای خەڵکەکەی دەکرد، ژنەکان و پیاوەکان بە مەنجەڵە خواردن و نان و ماستاو وئاوهێنانەوە بەردەوام بوون هەرچەندە حەرەسەکان لێیانیان ئەداو پاڵیان پێیانەوە دەناو توڕەدەبوون لێیان، ئەوان نەدەگەڕانەوە تا خواردنەکانیان دەهێناوە بەردەممان، شێوەی تەعاموولی خەڵکەکە لەگەڵ ئێمەی زیندانیدا زۆر مەردانەبوو، ئیتر لەوێ ئومێدمان

پەیداکرد کە جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ ژیان، لەوێ پێمانیان ووت خەمتان نەبێ ئێستا سەیارەتان بۆدێنین و هەرکەسەو خەڵك کوێیە دەیانبەینەوە بۆ ئەوێ، ئەوەی خەڵك چەمچەماڵە بۆ چەمچەماڵ و ئەوەی خەڵکی کەلارو کفریە بۆ شوێنی خۆیان، ووتیان سەیارەتان بۆ دەگرین و هەمووتان دەبەینەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، تا ئەوکاتەش هەر جۆرێك لە بێ ئومێدی و گومانمان هەبوو، جۆرێك لەترس چووبووەناخمانەوە کە بەئاسانی لێمان دوورنەدەکەوتەوە، چەندێك تەقەلامان بکردایەت بۆ ئەوەی باوەڕ بە بەعسیەکان بێنین، هێشتا بەشی ئەوە ناشرینی و درۆیان تیادابوو کە بمانترسێنن لەوەی بەئاسانی دەمانگەڕێننەوە بۆ ژیان، لەوکاتەدا هەر لەعەربەت کاکەم ئەحمەدو کاك مستەفایەك هەیە (ئێستا لە کەرکووك لە لیژنەی ئاوارەکانە) و هاتنە ژوورەوە بۆلامان، ئیتر وردە وردە مەجالیان دا خەڵك لە خزم و کەسوکارەکەی نزیکبیێتەوە، کاکەم ئەحمەدیش بەحوکمی ئەوەی عارەبی باش دەزانی هاتە ژوورەوە بۆ لامان، ئەوکاتە خێزانی ئێمەو کاکەم ئەحمەدیشیان لە مونشەئەیەکدا گواستەوە بۆ چەمچەماڵ، بەڵام پێش و پاشی مونشەئەکە نەجدە گرتوویەتی، جیاوازی هەبوو لە گواستنەوەکانی تر بەوەی دەمانزانی ئەمە کوردستانەو پەنجەرەکان کرابوونەوەو دەرودەشتمان دەبینی، لەگەڵ ئەوانەشدا هەر جۆرێك لە دوودڵی و دڵەڕاوکێمان هەبوو، کە گەیشتینە چەمچەماڵ شەو درەنگی کرد، بەو شەوە خزم و کەسوکاری ئەنفالکراوان و ژن و پیاو و گەنج و پیرو خەڵکی ناوچەکە هەمووی هاتنە پیریمانەوەو بە ئەمبەرو ئەوبەری جاددەکەدا وەستابوون، ئەهاتنە بەردەم جامەکان و هەڵدەگڑان بە جامی سەیارەکەدا، یەکێك دەیگووت خەڵکی کوێن،





یەکێکی تر دەیگووت، دایکم لەگەڵتان ناوی فڵانە، یەکێك دەیگووت منداڵەکانم، یەکێك دەیگووت براکەم، ئیتر ئەوەی پێی دەووترێت ڕۆژی حەشرونەشر ئێمە ئەو شەوە بینیمان، لەلایەکەوە دڵخۆش بووین کە نەمردووین و بەزیندووی گەڕاینەوە بۆ ناو خزم و کەسوکارەکانمان و لەلایەکی ترەوە دڵتەنگ بووین بەوەی ئەم خەڵکە هەمووی خزم و کەس و منداڵ و دایك و باوکی ئەنفالکراوەو دێن بۆ سۆراغی کەسەکانیان و نازانن ماون و لەگەڵ ئێمەن یان مردن و نەگەڕانەوە، ماون یان مردوون؟

کوڕێکی گەنجم بینی خۆی بەرزکردەوە لە جامی مونشەئەکەوە ووتی تواخوا بزان دایکم لەگەڵتان نییە، منیش دەستم کرد بەگریان و لەو کاتەدا واحیێدو ئاشتی خوشکەزام هاتەوە یادم کە خەجێی خوشکم لەگەڵ ئێمەبوو براو نەگەڕایەوە، وەك پێشتر ووتم لە وەجبەکانی پێشوودابران و بەر لێبووردنەکە نەکەوتن، ووتم ئێستا ئەوانیش وەك ئەم گەنجانە سۆراغی دایکیان دەکەن و نازانن ناگەڕێنەوە، کە لەسەر جاددەکە بەرمانیاندا کاکەم ئەحمەد ووتی بابچین بۆ ماڵ کاك فارس ئامۆزای کاك کەریم مێردی ئاڵەی خوشکم، چونکە نزیك بوون لەجاددەکەوە، ئێمە هیلاك و ماندوو، ڕەنگمان وەك ڕەنگ مردووبوو، ئەو شەوە درەنگە دەتگووت ڕۆژ حەشرو نەشرەو خەڵك دەهات هەواڵی خزم و کەسوکارەکەی دەپرسی، تەکسی و سەیارە نەبوو، ئیتر چووینە ماڵ مام فارس و ئەوانیش زۆر مەردانە خزمەتیان کردین و ئەو شەوە لەوێ بووین، خزم دەهاتە لامان و ئەم دەیگووت بۆ ماڵی من و ئەو دەیگووت بێن بۆماڵ من، ئێمەش بەهۆی نەبوونی جێگاو ڕێگای خۆمان و نەمانی خزموکەسوکارمانەوە خۆشی وشاددی ڕزگاربوونمان لەبیرچوو

بوو، دەتگووت لە گۆڕستانەوە هێنراوینەتەوە بۆ ژیان، زۆر بێتاقەت بووین، بۆ بەیانیەکەی چووینەوە بۆ ماڵ کاکەم ئەحمەد لە کەرکوك، خانووەکەی خۆیشی حیجزی لەسەر بوو.

**دلێر کەریم / ئەو پارەو ئاڵتوونانەی لێتانیان وەرگرت لە تکریت و ووتیان بۆ تان هەڵدەگرین با لای خۆتان نەفەوتێت و لەکاتی ئازادکردنتاندا دەتاندەینەوە، درانەوە پێتان؟**

ڕەحمە نجم الدین / دووای یەك دوو هەفتەیەك ووتیان بانگەوازیان کردووە لە قایمقامیەتی چەمچەماڵەوە ئەو کەسانەی وا شتی پێبووەو داویەتی دەستی ئەمنەکان لە تکریت با سەردانی قایمقامیەتی چەمچەماڵ بکات بۆ وەرگرتنەوە، کە ئێمەش چووین بینیمان هەموو زەرفەکان لەبان بەتانیەك دانراوەو ناوی خاوەنەکانی لێ نووسراوە، ناویان دەخوێندەوەو دەیاندایەوە دەستی خاوەنەکەی، هی وابوو پارەکەی لێی دەرکرابوو، هی وا هەبوو دەستکاری نەکرابوو، بەوشێوەیە وەرمانگرتەوە، ئێمە خێزانێکی گەورەبووین، لەدەشت ژیابووین، چەندین براوخووشك بووین لەدێهات هەموومان پێکەوەبووین و جیانەبووبووینەوە لەیەکتر، خانەدان و شوێنی گەورەو خۆشمان بوو، ڕانەهاتبووین لەسەر خەڵك ببینە بارگرانی و ئەرك، ئەو وەزعەمان زۆر پێ ناخۆش بوو کە لەماڵی خەڵکدا بژیین، بڕوات هەبێ هەندێك جار خۆزگەمان دەخواستەوە بە ئەنفالەکەو زیندانیەکە، لەبەرئەوەی ژیان لەدەرەوەی زیندان هیچ بۆ ئێمە خۆش نەبوو، کەسێکی زۆرمان نەهاتبووەوە، هەواڵی هەندێکی ترمان نەدەزانی، ئەو میوان هاتن و میوان چوونەی دەشت نەما، ڕاستە ئازادبووین و دوورکەوتینەوە لەمردن، بەڵام چاومان بەچەند دیمەنێکی تر کەوت کە هەر





لەدیمەنی مردن دەچوون، تۆ با لەماڵ ناسیاری زۆر نزیکی خۆتیشدا بژێیت، دوای هەفتەیەك دووان خۆت هەست بە نائارامی دەکەیت، خۆ نابێت تا مردن لای ئەوان بمێنیتەوە، دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە دووبارە ژیانی خۆت ڕێکبخەیتەوە، هەواڵمان بیست ئەو شتانەی کە لە قادرکەرەم بەجێمانهێشتبوو، خزم و ناسیار بەنیوە قیمەت سەندوویانەتەوەو پارەکەیان داناوە، ئەگەر کەسێك خزمی دڵسۆزی هەبووایەو ئاژەڵ و مەکینەو مانگاکانی بناسیایەتەوە دەیتوانی بەنیوە قیمەت بیکڕێتەوە، ووتیان پیاوێکی خەڵکی برایم خوڵام(ماڵی ئاوابێت) مانگای خەڵکەکەی هەمووی بەنیوەقیمەت فرۆشتووەو پارەکەی کردووەتە ناو زەرفێکەوەو دایناوە بۆ خاوەنەکەی و ووتوویەتی ئینشاڵا بەردەبن و دەیدەمەوە پێیان، ئێمە خۆمان وابووین کاك کەریم زاوامان شوانەکەمانی بردبوو ئەو مەڕوماڵاتانەی ئێمەی ناسیبووەو هێنابوویەوەو لای خۆی بەخێوی کردبوو تا گەڕاینەوە، گیانمان بەو کەمە پارەیەبوو ژیانمان پێی دەگوزەراند، ئەویش ئێمە خزمی نزیك و دڵسۆزمان هەبوو ئەوەی بۆ کردبووین، ئەگینا ئەوەی خزمی نەبووایەو ڕاکە ڕاکەی بۆ نەکردایە هیچی نەدەگەڕایەوە، قۆڕبەسەر ئەو خێزانانەی وا لە سجن دەرچووبوون و هیچیان بۆ نەمابووەوە، ئێمە تاڕادەیەك باشتربووین، ئەیانووت ڕەنگە ئەرزیشتان بدرێتێ، بەڵام بڕوامان نەدەکرد، تا لە مەدینە شۆڕش پارچەیەك ئەرزیان داپێمان، موجەمەع بوو دوور بوو، نەکارەباو ئاو و عامووی بۆ ڕۆیشتبوو، هیچ دڵمان پێی خۆش نەبوو، بەڵام هەر باش بوو، بەهەزار حاڵ و کۆڵەمەرگی کردمانە خانوو، ئەویش تەنها بەبلۆك و سەری خانووەکەمان گرت، نە لەبغ و سپیکاریمان کرد، نەکوێرلەمەش،

**تەنها بەبلۆك و سەقف و چووینە ناوی ژیانمان بەوشێوەیە گوزەراند.**

**دلێر کەریم / چی شتێك لەزیندان زۆر سەرنجی ڕاکێشایت و بەئاسانی لەبیری ناکەیت؟**

**ڕەحمە نجم الدین /وەڵا زیندان هەمووی شتی سەیر بوو کە بڕواناکەم بە ئاسانی لەبیرمان بچێتەوە بەڵام کاریگەرترینیان ئەوەبوو کە ئێستا دەیگێڕمەوە، لە دبس بووین جێش شەعبیەك ووتی من زۆر سقەم پێتانە پیاوێکی بەتەمەن بوو، خوودرەیەکی سپی بەسەریەوە بوو ووتی ئێوە خێزانێکن زۆر جێگای بڕوای منن، ڕۆژانە دەهات بۆ دڵدانەوەمان قسەی بۆ دەکردین، دڵی ئێمەی ئەدایەوە دەیگووت ئێوە باشن و بێ ئومێد مەبن و ئینشاڵا ڕزگارتان دەبێ و دەچنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆتان، ڕۆژێك ووتی شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە باوەڕم پێ بکەن زۆر ناخۆشە، کە قسەی دەکرد پڕ قووڕگی دەبوو لەگریان، ووتی کوڕێکم لەڕەبایەیە و هاتووەتەوەو دووڕۆژ نەخۆش بووەو خۆی لەسەر دەم داوەتە زەویداو من و دایکی هەستمان کردووە وەك ڕۆژانی ڕابردوو نیەو ووتمان ڕەنگە موشکیلەیەکی هەبێ، یان شتێکی لێ قەومابێت، من و دایکی زۆر هەوڵماندا لەگەڵیدا تا بۆمان باسبکات، نانی نەدەخواردو بێتاقەت دیاربوو، خەفەتی دەخوارد، دەمانگووت شەڕت کردووە؟ یان مووشکیلەت هەیە؟ کوڕەکەمان دەیگووت نەخێر، ووتوومانە دەبێ هەر بۆمانی باس بکەیت، نابێ تۆ بەوشێوەیە بیت و ئێمەش نەزانین چیت لێقەوماوە، ووتی کوڕەکەم ووتوویەتی :**





**ئێمە دووسێ ڕۆژ پێش ئێستا سێ کەس لە ڕەبایەکەی خۆماندابووینەو سەگێك بەرەو ڕوومان هاتووەو شتێکی سپی بەدەمیەوە بووە، هاتووەتە نزیك ڕەبایەکە شتە سپیەکەی داناوەو ڕۆیشتووە، تا ئێمەی نەبینیووە نەڕۆشتووە، زانیوومانە ئەوە سەگێکە شتێکی سپی بەدەمیەوەیەو لەسەر سەرخۆی بۆلای ئێمە دێت و قەپی داوە لە قوماشەکە، کە تەواو لە ئێمە نزیك بووەتەوە شتەکەی داناوەو ڕۆیشتووە، کاتێك ئێمەش چووینە سەری سەیردەکەین منداڵێکەو بان دەموچاوی خۆڵی پێوەیە، بەڵام ماوە، گیانی تیابووەو نەمردووە، دەموچاویمان پاکەوە کردووە، یەکێکمان توانیوویەتی ئەوە بکات و ئەو دووانەکەی تر ڕۆیشتووەو ڕماوەو کەوتووە لە خەفەتدا، ئەوەندە سامناك بووە ئەو دیمەنە، نەمانزانیوە چی لێ بکەین و ترساوین، دواتر بردمانە تەسلیمی شوورتەمان کردووە، ئیتر نازانین ئەو منداڵە چی لێ هاتووە، هەر ئەو جێش شەعبیە ووتی بەوخوا کە هەفتانە دەورەو تەسلیم دەکەین و دەڕۆمەوە ماڵەوە منداڵەکانم دەبینم دێنە لام و ئەم منداڵانەم بیردەکەوێتەوە خواردنەکەم دەبێتە قوزەڵقووردم.**

# ڕەسمیە نجم الدین محیٚ الدین



**ئەو ئافرەتەی زیاتر لە جارێك سرەی مردنی هاتوو بەڕێکەوت، یان بە هۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە لەبری مردن گەڕایەوە بۆ ژیان، ئەو هەر خۆی نا، بەڵکو ماڵ و منداڵەکەشی بە هەمان فرمان و بڕیار لە نێوانی مردن و ژیاندا گەڕایەوە بۆ ژیان، ئەو ئافرەتێکی ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو، بەویژدان، خاوەن هەست، بەڕێزو زمانزان بوو، هەر ئەوەش وایکرد لە زۆربەی زیندانەکان و وێستگەکانی مردندا دەوری وەرگێڕو سەرپەرشتیارو خزمەتکارو پەرستاری زیندانیەکان ببینێت، ئەو چیرۆکی ناو زیندانەکان و هەڵسوکەوتی پیاوانی بەعس وەك خۆی باس دەکات و خۆی وتەنی گریانی ئەو ڕۆژەی لەیاد ناچیٚ کە منداڵ و دایکەکانیان لێك جیاکردەوە، دەڵیٚ ئێمە ڕۆژی حەشرونەشرمان بینی بەچاوی خۆمان، مردنمان بینی لە پەنامانەوە وەستابوو،**





**ژیان خۆی لێمان ئەدزیەوە، قەمسەڵەو پشتوێن و تەزبیح و جەمەدانی پیاوان و گەنجەکانمان بینی و بۆ خۆیان دیار نەمان، ڕۆژگارێك بوو نەخۆشی و نان نەخواردن و ئاو نەخواردن، جێگای دیوەخان و سفرەو خوانی پڕو ئاوی ڕۆشنی کانی بۆمان گرتبووەوە، دیواری کۆنکرێتی و بەرزو بەسیم تەنراو و دەرگای ئاسن و کلیل و قوفڵ، پەنجەرەی تەلبەند، جێگای دیواری قوڕو قاپی هەمیشە واڵای لەدار دروستکراوو پەنجەرەی جوانی ماڵەکانمانی گرتبووەوە، بۆ یەکەمجار لە ئەنفالدا زانیمان مرۆڤ گەلێك هەن لە چەشنی دڕندەو لە پیاوی میهرەبان و خاکی دەترسن، ئەوان مرۆڤ نەبوون، مرۆڤ کوژبوون .**

**دلێر کەریم / ئەگەر بە ئەرك نەبێت خۆتمان پیٚ بناسێنیت؟**

ڕەسمیە نجم الدین / من ناوم (ڕەسمیە نجم الدین محی الدین) تاڵەبانیە.

**دلێر / تۆ چۆن و بۆ ئەنفال کرای لە پرۆسەی ئەنفالدا؟ ماڵتان لەشار بوو یان لە ئاوایی؟**

ڕەسمیە نجم الدین / بەڵیٚ ئەنفال کراین، خۆم و باوك منداڵەکانم و منداڵەکانیشم لە دێی (کەریم باسام).

**دلێر کەریم / واتا لەکاتی پرۆسەکە لە دیٚ (ئاوای) دائەنیشتن؟ یان با بپرسم چۆن بەر ئەو شاڵاوە نامرۆڤانەیە کەوتن؟**

ڕەسمیە نجم الدین / ئێمە کاتی خۆی لە کرکوك دائەنیشتین، لە ساڵی (١٩٨٤) خۆت ئەزانی حکومەتی بەعس برایەکت یان باوکت یان کەسوکارەکەت لە دەرەوە (واتا لە ناو پێشمەرگە) بووایە ئەوان دەیانگووت (عوفاتن) بڕۆن بیانهێننەوە، ئێمەش چەندین جار بانگ کراین بۆ دایەرەی ئەمنی کەرکوك و ئەمنی کەرامە، من و

خوشكەكانم، دەیانگووت بڕۆن براكەتان (مەبەستیان فەخرەدین نجم الدین تاڵەبانی ناسراو بەهاوڕێ مام صالح بوو) بێرنەوە، ئێمەش چ بڵێین ئەمانگووت برا بە قسەی ئێمە ناكات، نایەتەوە، تەنانەت هەر نازانین لە كوێیە، ئەوانیش ئەیانگووت مادام بەقسەتان ناكات و نازانن لە كوێیە ئێوەش هەڵسن بڕۆن بۆ ئەوێ، یان دەبێ ئێمە ئیجرائات خۆمان بكەین لەگەڵتاندا، ئێمەش لە ترسا هەڵساین چووین بۆ ناو زەنگەنە، دێی (كەریم باسام)، واتا ئێمە لە ساڵی (١٩٨٤) كەركوكمان جێهێشت و چووینە ئەو دێیە تا ساڵی (١٩٨٨) لەوێ بووین تا ئەنفال كراین، وەك دەزانن لە ساڵی (١٩٨٨) شاڵاوی ئەنفال هاتە سەراو ئێمەش دەشتمان دالەبەر وەك ئەو خەڵكە.

**دلێر كەریم / ڕووتان كردە كوێ؟**

ڕەسمیە نجم الدین / سەرەتا كە لە كەریم باسام دەرچووین ڕوومان كردە (ڕەمەدان) و (حەسەن پرچن) و (مەلا هۆمەر)و چەندین دێی تر تا گەیشتینە (قادر كەرەم)، سێ شەوو سێ ڕۆژ بەپێ ڕێمان كردووە لەگەڵ ئەو خەڵكەدا، تەیارە لەبانسەرمانەوە بوو، شەوان قازیفە (ئار بی چی)یان تێدەگرت، ئێمەش نان و ئاو وژیانمان لێ تاڵ بوو تا گەیشتینە قادر كەرەم، لەقادر كەرەم ڕاستەوخۆ چووینە چەند ماڵە خزمێك، كە لەوێ بوون، بۆ نموونە ماڵ هەبوو (٢٠) تا (٣٠) ماڵی ناسیاری تیابوو، دواتر پیاوانی بەعس بە سەماعە بانگەوازییان كردو وتیان ئەو ماڵانەی ماڵی خزم و ناسیارو كەسوكاریان لەماڵیاندایەو لە دێهاتەكانەوە هاتوون و ئێستا لەوێن، وەك ئەوان حسابیان بۆ دەكەین و خانووەكەش دەڕووخێنین بە سەریاندا، یان ئەوەتانێ دەبێ دەریان بكەن، ئیتر ئێمەش ئەو بانگەوازەمان بیست





وتمان بۆ ئەم ماڵە بەبۆنەی ئێمەوە تووشی گرفت و كێشە بێن لەبان پیاوەتیەكەیانەوە لەگەڵماندا كە جێمانیان كردۆتەوە، مەجموعە هەبوو هەستاین ئێمەو ماڵ خەزورانم و منداڵەكانمان كە (٢٣) نەفەربووین چووینە ئەوێ، ئیتر پیاوەكانیان لێمان جیاكردەوە، پیاوەكان بەجیاو ئێمەش بەجیا.

**دلێر كەریم / واتا هەر لە قادر كەرەم جیاكرانەوە لە یەكتر؟**

ڕەسمیە نجم الدین / بەڵێ هەر پێش گەیشتن بە قادر كەرەم پیاوەكانیان بە جیابردو ئێمەش بەجیا، باوكی منداڵەكانم (ئەحمەد نجم الدین) عەسكەری بوو پێش ئەنفال لەگەڵ (محمود) شووبرامدا بەجیا ڕۆیشتن و كەوتنە تەك خەڵكی ناوچەكە كە زۆربەیان چەكدارو گەنج بوون، بەڵام شووبرا گەورەكەم كەناوی (أمین نجم الدین)بوو، ئەو لەگەڵ ئێمە بوو، لەگەڵ ڕانەكەدا مایەوە، ئێمە ئەوەندە بەشپرزەیی هاتبووین، ماندووبووبووین، كە هاتینە مەجموعەكە وەك دەزانیت خێرەومەند زۆرەو هاتن سەموون و نان وخواردنیان بۆ هێنایین، ماڵی خوشكەكەمیش (ئیلهام) كە لە كەركوك بوون ئەوانیش هەندێك خواردن و پێداویستیان بۆ هێنایین، لەو كاتانەدا سەیرمان كرد جێش كەوتنە ئەوناوەدا، ئیتر زیلی عەسكەرییان هێنا بۆ ئەوەی بمانبەن.

**دلێر كەریم / جاشیان لەگەڵ بوو؟**

ڕەسمیە نجم الدین / وەڵاهی من جاشم نەدی لەو دەورووبەرە، كاتێك ئێمەیان برد، ئەوانەی ئێمەیان برد جاشیان لەگەڵ نەبوو بەس عەسكەری بوون، تەنانەت سەیارەیەكیان هێنا هەندێك ماڵی تری لەگەڵ بوو كە گرتبوویان، ئێمەش چونكە زۆربووین و ژمارەمان (٢٣) كەس بوو وتمان ئێمە لەگەڵ ئەوان ناچین و

جێگەمان نابێتەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن زیلێکی بەتاڵیان بۆ ئێمە هێنا، سوار زیلە بەتاڵەکەیان کردین و ڕۆیشتین کە هەمووی (٧) سەیارەی زیل بوو، پێکەوە بردمانیان، لە قادر کەرەم دەرچووین سەیرمان کرد لەولاترەوە کۆمەڵێك جاش هات ومن نەیانم ناسی ئەمانە کێن، بەڵام ئافرەتێك خەڵك قادر کەرەم بوو لەگەڵمان سواربوو، ئەو ووتی : ئەمە شێخ سەعیدە برای شێخ جەعفەر، ئەو مستەشاربوو هەریەکێکیان کردیانە چەکەکانی دەستیانداو ڕووی تفەنگەکانیان لە عەسکەرییەکان کردوو وتیان ئەمانە ببەن تەقەدەکەین، ئێمە قبوولْ ناکەین، ئێمە نەمانووت ئافرەت و منداڵ ببەن، قەیناکا بۆ زەلامەکان بەڵام ئافرەت و منداڵەکان بۆ کویْ ئەبەن؟

ئیتر زابووتەکە هاتە ناو سەیارەکەوە (زیلەکە) بۆ ناو خەڵکەکە هەڕەشەی دا لە جاشەکان ووتی : یەك تەقە بکەن، یان یەك فیشەك لە لوولەی تفەنگەکانتان بێتە دەرەوە، جارێك لە پێشدا ئێمە هەموو ئەمانە ئیبادە ئەکەین، ئەو ئافرەتە وا خەڵك قادر کەرەم بوو، لەگەڵمان هاتبوو، ووتی یاشێخ بۆ خاتر خوا وازمان لێ بێنن با بمانبەن قەیناکات، بەس تەقە مەکەن، با پێوەنەبین، ئیتر ئەویش وازی لێمان هێناو ڕۆی بەرەو قادرکەرەم، ئیتر دوای ئەو وەجبەی ئێمە کە (٧) زیل بووین نەیهێڵابوو یەك نەفەر ببەن، بیگرن، هەر ئەو شێخ سەعیدە، ئیتر دوای حکومەت گرتی و ئیعدامی کرد، لەبەر ئەوەی مستەشاربوو پێی ناخۆش بوو وا لە کوردەکان بکەن و بەربەرەکانێی دەکردن، بۆیە بەعس لەناوی برد.

دوای ئەوەئێمەیان برد بۆ چەمچەماڵ، لە چەمچەماڵ بە کۆپتەر وێنەمانیان گرت و هەر یەکەی سەموونێکیان داپێمان، هەر ئەوە





خواردنمان بوو، چەند ڕۆژێکە نانمان نەخواردووەو تەنها ئەو سەموونە عەسکەریانە خواردنمان بوو، دواتر گواسترایەنەوە بۆ کەرکووك، لەبەر دەرگای ئەمنی کەرکوك دووسەعات ئێمەیان ڕاگرت، ئەو کۆمەڵەیەی وا ئێمەیان گرتبوو چوونە ژوورەوە لەگەڵ ئەمنەکان کرکوك دانیشتن و ئێمەش لەدەرەوەبووین، نازانین باسی چیان کردو کۆبوونەوەیان کرد یان نا، ئێمە لەناو زیلەکان لەبەر دەرگای ئەمنەکە دووسەعات ماینەوە، دوای دوو سەعاتەکە بردمانیان بۆ (تۆپزاوا)، لە تۆپ زاوا چاومان بەڕۆژی حەشرونەشر کەوت، حەشرونەشر لەویْ هەڵسا، منداڵ و پیاوو ئافرەت هەرچی لە ئەملاوئەولاوە گرتبوویان هێنابوویان بۆ تۆپزاوا، واتا لەویْ هەم تێکەلْ کراین، پاشان هەڵسان ناوی منداڵەکانیان نووسی (ئەوەی منداڵی پێبوو)، ئەوەی گەنجە بەجیا، ئەوەی پیرو بەساڵاچووە(ژن و پیاو) بەجیا، ئەوەی پیاوەو گەنجە بەجیا، هەموویان جیاکردەوە، گەنجەکانیان هەر لەبەر چاوی خۆمان، بە جەمەدانی خۆیان، چاو ودەستیانیان بەستەوەو قەمسەڵەو جلوبەرگەکانیان لەبەریان داکەندو تەنها فانیلە(عەلاگە)کەیان لەبەریان هێشتەوەو گشتیانیان کردە ناو زیل و نەمانزانی بۆ کوێیانیان برد، پیرێژن و پیرەپیاوەکانیانیش جیاکردەوە.

دلێر کەریم / هەستتان نەکرد گەنجەکان بۆ مردن بران؟

ڕەسمیە نجم الدین / بە نسبەت گەنجەکانەوە بەڵیْ، ئێمە قەناعەتمان وانەبوو ژن و منداڵ والیْ بکەن، ووتمان لەوانەیە فەترەیەك بمانگرن و دوای ماوەیەك بەرمان بدەن، بەس بۆ زەلامەکان، بەهیچ شێوەیەك بە تەمای زەلامەکان نەماین، چونکە دەمانزانی لەناوبردنی گەنجەکان ئاساییە لەلای بەعس، بۆ کوشتنی

گەنج و لەناو بردنیان، ئێمە قەناعەتمان نەبوو ژن و منداڵیش وا لێ بکەن، کەچی کردیان.

وەك ووتم بەساڵاچووانیان کردە قاعەیەکەوەو ئێمەیانیش کردە قاعەیەکەوە، کە چووینە ناو قاعەکەوە سەیرمان کرد بڵێم ئەوەندەی لایەك قاعەکە هەرهەمووی قەمسەڵەو جەمەدانی و کەلوپەل زەلام (کوردی) کۆکرابووەوە، دیاربوو پێش ئەوەی ئێمە بێین کۆمەڵێك تریان هاوردبوو بۆ ئەوێ، ئەو شتانە دەلیل بوون پێشتر زەلامیان لەوێ دانابوو، دوای ڕووت کردنەوەیان زەلامەکانیان بردبوو، تەنها جلوبەرگەکانیان مابوو، پاشان ئەوەی منداڵی پێ بوو جیایان کردەوە لە دایکیان، منداڵەکانیان کردە شوێنێك ترەوە، ئیتر چۆن یەکێك دەڵێ دەنگی دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان، لە گریانی منداڵ بۆ دایکی و دایك بۆ منداڵەکەی دەنگی گریان و هاوار دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان.

**دلێر کەریم / ئێوە نەتانزانی بۆ جیایان ئەکەنەوە، نەتان پرسی؟**

ڕەسمیە نجم الدین / ئەوان نەیانووت لەبەر چی، تەنها جیایان کردەوە، ڕەنگە بۆ ئەوەبووبێت بەجیا بیانبەن بۆ شوێنی مەبەست، ئیتر کە بینیان منداڵەکان دەگرین و هاواردەکەن، دایکەکانیشیان بەهەمان شێوە، ئیشەکەیان سەری نەگرت و بڕیاریان دا بە تێکەڵ کردنەوەیان، هەر دایکەو منداڵی خۆی بینیەوە، کاتێك تێکەڵیانیان کردەوە، دوو ڕۆژ لە تۆپزاوا مانەوە بەو شێوە، دوای دوو ڕۆژەکە ناومانیان نووسی ووتیان یاڵا، سەیارەی (موقەپەت)داخراویان هێناوبارمانیان کرد، لەناو سەیارەکە سەیری ڕێگاکەم ئەکرد بۆ بینینی (قتعە) تابلۆی سەر ڕێگاکان تا بزانم بۆ کوێ دەمانبەن، تابلۆیەك نوسرابوو (دبس)، نەماندەزانی کوێیە، کە لەبەردەم





دەرگایەك وەستاین بینیمان ئەمە (مەعەسکەرێکی گەورەیە) نەماندەزانی کوێیە، دامانیان گرت و دامانیان نا، دواتر دەرکەوت ئەمە مەعەسکەری (دبسە)، مەعەسکەرەکە زۆر زۆر گەورە بوو، (٧٠٠٠) ژن و منداڵیان بردە ئەو مەعەسکەرەوە، ئێمە (٧٠٠٠)کەس بووین، لەوێ ماینەوە، قاعەقاعەبوو، من لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبیم باش دەزانی، دەیانگووت تۆ چۆن ئاوها زمانی عەرەبی دەزانیت و گیریاویت لەگەڵ ئەمانەدا؟ خۆ لە خەڵکی دەشت (دێهات) ناکەیت؟ چۆن کەوتیتە ناو ئەمانەوە؟

ووتم : لە قادرکەرەم بوومە لە میوانداری کەوتمە ناو ئەم شاڵاوەو منیشیان گرتووە لەگەڵ منداڵەکانمدا، خۆ نابێ لەلای ئەوان حەقیقەتەکە بگێڕمەوە، ماوەیەك بەو شێوە ماینەوە، وابزانم دوو مانگی بەسەرداچوو دوای ئەوە هاتن یەکەم قاعە ئێمە ببەن .

**دلێر کەریم / ئەو دوومانگە لەوێ بوون مامەڵەیان چۆن بوو لەگەڵتان؟ لە ڕووی خواردن و داودەرمانەوە؟**

ڕەسمیە نجم الدین / ئێمە (٥)مانگ و دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، باسی ئەوە دەکەم کە دوومانگ بوو هاتن قاعەکەی ئێمە ببەن، ئەو بەرپرسەی بەرپرس بوو لە ئێمە کە فایلی ئێمە لەلای بوو، بۆ ئەوەی دەورو تەسلیم بکات لەوێ حازرنەبوو، کە حازرنەبوو یەکسەر چوون بۆ قاعەکەی ئەوسەر (دوور لە ئێمە)، تەنانەت خوشکی مێردەکەم، میمکی منداڵەکانم بەناوی خەجێ (خێزانی مام فایەق لە قەواڵی) لەگەڵ منداڵەکانی لەو شاڵاوەدا پێوەبوو، بردیانیان، دواتر ئێمە کە چووینە شوێنەکانیان سەیرمان کرد ئافرەت هەبوو ئاڵتوونی بەجێهێشتبوو، ئافرەت هەبوو پارەی بەجێهێشتبوو، هەبوو جنسیە (ناسنامەی) خۆی و منداڵەکانی

**بەجێهێشتبوو، ئەمەندە بە شپرزەی بردبوویان تەنانەت جلوبەرگیان هەمووی لەوناوەبوو، لەوێ تەواوی بۆچوونەکانمان گۆڕان کە ئەو دیمەنانەمان بینی تێگەیشتین ئەمانەش بەرەو مردن براون، بەڕاستی من وەها بیرم کردەوە، بەڵام لەناو خەڵکەکە باسم نەکرد ووتم با وورەیان دانەبەزێ و نەڕووخێ بە تەواوی، ووتم با نەترسن گوناهن، بیرم دەکردەوە ئێمەش وەك ئەوانمان لێ دێت، بەس لەبەرئەوەی من خۆم لە ساڵانی (١٩٦٣) تاکو ئێستاکە لە گەڵ حزبی شیوعی دا هەستام و دانیشتوومە، پەیوەندیم بە حزبەوە هەبووەو کە چووینەتە ناویانەوە بەردەوام پێمانیان ووتووە کوشتن هەیە، گرتن هەیە، قەت نەیانووتووە بۆ نموونە پارەتان ئەدەینێ، خانووتان بۆ ئەکەین، ژیانتان خۆش ئەکەین، بەردەوام ترس و ناخۆشیەکانیان دەخستەبەرچاومان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە قەناعەتەوە چووینە ناو ئەو حزبەوە، من خۆم چونکە قەناعەتم بە حزبەکەی خۆم هەبوو، ورەم بەرزبوو گوێم بە ترس و مردن نەئەدا، لەناو ئەو زیندانەدا، بەڵام دڵم بەو خەڵکانە ئەسووتا کە بێ ئەوەی تێکەڵی سیاسەت بن زیندانی کرابوون، بەبێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ یان گوناهیان هەبێ کرابوونە قوربانی، ووتم من لەگەڵ منداڵەکانمدا چیم لێ بێت قەیناکا خۆم ئەو ڕێگام هەڵبژاردووە، بەڵام ئەم خەڵکە داماوە بەبێ ویستی خۆیان بۆ زیندانی بکرێن و ئازار بچێژن و بمرن، ڕۆژێکیان سەیارەیەکی موقەپەتیان هێناو یەکسەر بەرپرسی قاعەکە ناردیە شوێن مندا ووتی : تۆ ناوت رەسمیە نجم الدين محى الدينه؟**

**ووتم بەڵێ.**

**ووتی : بڕۆ منداڵەکانت بێنە.**





**منیش چووم منداڵەکانم هێناو ووتی فەرموون سەرکەون، ووتم بۆ کوێ ئەمانبەن؟ ووتی : نازانم بەڵام پاش کەمێکی تر دەرئەکەوێت بۆ کوێیە.**

**دوای سەرکەوتنمان بۆ سەیارەکە بردمانیان بۆ (تۆپزاوا)، لە (تۆپزاوا) لەو سەیارە دامانیانگرت و سەیارەیەکی تریان بۆمان حازر کردبوو، سوار ئەو سەیارەیان کردین، سەیرم کرد پیاوێکی تیایە ناوی (مولازم ئیسماعیل) بوو، ئەم پیاوە لە پێش پرۆسەی ئەنفال، چەندین جار بانگمانی کردبوو بۆ ئەمنی کەرکوك، یەکسەر ناسیم ئەمە مولازم ئیسماعیلەو زانیم دەمانبەن بۆ ئەمنی کەرکوك، کە گەیشتینە ئەمنی کەرکوك ووتی فەرموون دابەزن بۆ ئەو ژێر زەمینە، ئێستا رائید حەمید لێرە نییەو بەیانی دێت پرسیارت لێ ئەکات، بەعەرەبی ووتی : تفەزلی انزلی، لاتخافی، ووتم : لا لیش اخاف؟**

**کە دابەزیم سەیرم کرد ژێر زەمینەو دوودەرگای هەیەو دوو قفڵی گەورەی پێوەیە، کە گوێم گرت تێگەیشتم پڕ ئەو ژێر زەمینە پیاوی زیندانیەو لەوێن، واتا لە ژێر زەمینەکە، چواردەوری ژوورەکانیش ئاسن بوو، کەلەپچەی پێوەکرابوو، کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان ئەگرت و ئەیانهێنا لەوێ کەلەپچەیان ئەکرد، دوای یەك دوو سەعات ئەیانیان برد نەمان ئەزانی بۆکوێیان ئەبەن، پێچێك هەبوو سەیرم کرد ئافرەتێك دانیشتووە، ئەو ئەمنەی ئێمەی برد ووتی : ئوم عالاء ئوم عالاء، میوانت هات، من وا تەسەورم کرد ئەم ژنە ئەمنە تا قسەی دەم من وەرگرێت، بزان من چی ئەڵێم، یان منداڵەکانم بۆ ئەوەی هەواڵ و زانیاری لە من وەرگرێت، بە ئافرەتەکەم ووت تۆ بۆ گیرایتە؟**

**ووتی : من سستەرم لە نەخۆشخانەی (سەددام)، پیاوەکەم ئەسیرە، تاقە کچێکم هەیە عالای ناوە، تۆمەتی وایان بۆ کردووم گوایە داوودەرمان ئەنێرم بۆ پێشمەرگە، هەرچەند ئەو وایووت، بەڵام هێشتا من قەناعەتم بەقسەکانی نەکرد، بینیم کە خواردنمان بۆ دێنن ئێمە نان دەخۆین و ئەو نان ناخوا، ئێمە هاتووچۆمان دەکرد بەوناوەداو خۆمان ئەشۆرد، ئەو هەر زۆر بێتاقەت دیاربوو، زۆریش ئەترسا، تا پێیم گووت بۆ والەخۆت ئەکەیت؟ ئەوەتا ئێمەش وەك تۆ گیراوین و نان ئەخۆین، ئیسراحەت ئەکەین، ئیتر زیاد تێکەڵاو بووین و دواجار بۆم دەرکەوت بەڵێ ڕاستە ئەمە زیندانیەو گیراوە، ئینجا ئەیووت مەولودی قەرارئەدەم من پێش ئێوە لێرە دەرچم، چونکە ئەگەر ئێوە پێش من لێرە دەرچن ئەوا من بەتەنها ئەمرم لەم ژێر زەمینەدا، نەمرمیش بەدڵنیاییەوە شێت ئەبم، هەر لە ژێر زەمینەدا ژوورێکی تر هەبوو لایەکی گیرابوو، ئەو لاکەی بەتاك بوو، ووتم ئەمە چیە ئەم ژوورە، ووتی بەخوا سێ ڕۆژە لێرەم ناوێرم سەیری ئەو ژوورە بکەم، نازانم چی تیایە، من ڕۆیشتم دەرگاکەم کردەوە چوومەژوورەوە سەیرم کرد جلی پیاوانەیە، بەهەمان شێوە قەمسەڵەو قەمیس و شەرواڵ کوردی و جەمەدانی و تەزبیح، هەموویان لەناو ئەو ژوورە کۆمەڵ کردبوو، ئەو شتانەی تیابوو.**

**دە ڕۆژ لەو ژێر زەمینە ماینەوە، ڕۆژی (١١)یەم منیان بانگ کردەبان، چووم بۆ لای بەڕێوەبەری ئەمن، یەکەم پرسیاری کرد، ووتی : براکەت لەکوێیە؟**

**دواتر زۆر پرسیاری تری کرد، تۆ چۆن گیراویت، بۆ گیراوی لە قادر کەرەم، تەنانەت ووتی : من دەزانم (فخرالدین نجم الدین محی الدین) براتە، تۆ دەزانی ئێستا لە کوێیە، بەرت ئەدەین و هاوکاریت**





**ئەکەین و نامەیەکت بۆ ئەنووسین بیبە بۆ براکەت، لە دڵی خۆمدا ووتم ئەمانە ئەیانەوێت من بکەن بە پیاوی خۆیان، ووتم بەهیچ شێوەیەك نە ئەتوانم بگەمە فەخرەدین، نە ئەتوانم نامە وەرگرم و نە ئەتوانم نامە ببەم، ووتی : ئەگەر ئەمە نەکەیت لەگەڵ ئەوانی تر (ئەنفالەکان) حاڵت حاڵ ئەوان ئەبێت، منیش ووتم حاڵم حاڵ ئەوانەو نامە نابەم، خۆمیش ئەمەم ئەوێت، هەتا ئەگەر نامەش ببەم براکەم بەقسەی ئێمە ناکات و نایەتەوە، ووتیان بێ ئیمزای بکە، منیش ئیمزام کردوو دووبارە سوار سەیارەیان کردین و گەڕاندمیانەوە بۆ توێزاواو لە توێزاواوە بۆ دبس، چەند ڕۆژێك ماینەوە، هەندێك لە جێش شەعبیەکان خەڵکی (حەویجە) بوون، عەشایەر بوون، هەندێکیان زۆر باش بوون و دڵیان بەخەڵکەکە دەسووتا، بەڵام هەندێکیان خراپ بوون، جێشەکە بە سەیارەی زیلی عەسکەری خواردنیان بۆمان ئەهێنا، ڕۆژێکیان کە خواردنیان هێنا بینیم لە کاتی دابەشکردندا ئەو کچانەی شەرمیان ئەکردو سەیری عەسکەرەکانیان نەئەکرد و تەنها قاپەکانیان ئەگرت و سەیری خوارەوەیان ئەکرد، ئەوانیش ئاشە (چێشتە)گەرمەکەیان ئەکردە بان دەستیاندا، لە حەیبەتا ئەوانیش قاپەکەیان فڕە ئەداو دەستیان ئەسووتا، منیش ئەوەم بینی بۆ بەیانی ڕۆیشتم قاعە قاعە پێیانم ووت، (٦) قاعە بوو، ئێمەش قاعەی خۆمان، واتا هەمووی (١٢) قاعە بوو، (٦) قاعەی ئەملاو (٦) قاعەی ئەولا، هەر قاعەیەك کەسێك سەرپەرشتی ئەکرد، لە بیرمە بەدیعەبوو، ژنێك هەبوو پێیان دەگووت ئایشە عارەب، من خۆمیش، بە بەرپرسی قاعەکانم ووت پێتان بڵێم ڕازی نابم بە هیچ شێوەیەك بێن بۆ وەرگرتنی خواردن، هەمووتان بڵێن ئیزراب ئەکەین و نان ناخۆین، با بمرین لە برسانا،**

ووتیـان ئەترسـێن بمـانکوژن و لێمـان بـدەن، یـان پێمـان بڵـێن کـێ پێتانی ووت خواردن وەرمەگرن؟

منیش ووتم گشتان تاوانەکە بخەنە سەر من، با بێن بۆ لای من ومن قسەیان لەگەڵدا ئەکەم، بینیم خواردن هات یەك کەسێك دەرنەچوو بۆ خواردن وەرگرتن، تەقەیان کردە ئاسماندا، هەر لەخۆیانەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە بترسێت، چەندێ تورەبوون و ووتیان دەرچن بۆ نان خواردن یەك کەسێك دەرنەچوو، چوونە یەکەم قاعە ووتیان بۆ نایەن بۆ خواردن وەرگرتن ئەتانەوێ ئیزراب بکەن بەرانبەر بە حکومەت؟ کێ پێتانی ووت؟

ووتیـان فڵانـە کـەس پێمـانی ووتـووە، (مـن خـۆم ووتم وا بڵـێن بـۆ ئەوەی خۆم جوابیان بدەمەوە)، سەیرم کرد ئامر قاتع و ئامر قاعەو سـێ چـوار جـێش شـەعبی هـاتن بـۆ لام، دایـان لـە پەنجەرەکـەو ئیشارەیان بـۆم کـرد ووتیـان بێـرە دەرەوە، منـیش چـوومە دەرەوە، ووتیان تۆ پێیانت ووتووە خواردن وەرمەگرن؟

ووتم بەڵێ من پێیانم ووتووە خواردن وەرمەگرن، ووتی ئەی چۆن ئەمـەت کـرد؟ ئایـا ناترسـی وا فرمـانی ئیـزراب ئـەدەیت بەرانبـەر بـە حکومەت؟

ووتم : مـن فرمـانی ئـەم ئیزرابـەم داوە لەسـەر شـەرەف و کەرامـەتی خۆم و ئەم خەڵکەش ئیزرابیان کردووە لەسەر شەرەف و کەرامەتی خۆیان، ئێستا لەناومان بدەن ئەم مانگرتنە ناوەستێنین و ئەبێ هەر بەردەوام بێت، با بمرین هیچ پێمان ناخۆش نییە.

ووتی : بۆ چی شتێکتان دیوە لەم عەسکەرانەی ئێمە؟

ووتم : ئێوە خاوەن دایك و خوشك و خێزان وناموسن، مەعقوولە کچ شەرم ئەکات دەست ئەبات قاپەکە درێژ ئەکات بۆ عەسکەرەکەو





سەیری ناکات، یان پێناکەنێت بەدەمیەوە ئەویش ئاشە گەرمەکە ئەکاتە بان دەستیان و ئەیسووتێنێ، لەبەر ئەوەی سەیری ناوچاوی ناکات و بەدەمیەوە پێ ناکەنێت؟ ووتم ئێمە ئەوە قەبوول ناکەین، بابمرین لە برسیا، لەڕاستیدا ئامر قاتعەکە ئەوەی پێ ناخۆش بوو، ووتی منیش ئەوە قەبوول ناکەم، بەس یەك داواتان لێ ئەکەم پێیان بڵێ وبانگیان بکە با دەرچن بێن ئەمجارە خواردنەکە وەرگرن، بەشەرەفم بەیانی ئەڕۆم بە سەیارەکەوە، بەو کۆمەڵەوە کە خواردنەکەیان هێناوە ئەیانگۆڕم، ئەگەر وام نەکرد بەیانی خواردن وەرمەگرن، بەس ئەمجارە لەبەر منداڵەکان خواردن وەرگرن چونکە گوناهن، ووتم باشە، دەرچوومە دەرەوەو هاتمە ناوەڕاست قاعەکان، ئیشارەیەکم کردو ووتم دەرچن بۆ خواردن وەرگرتنەکە، ئیتر چۆن زەردەواڵە دەردەچێت لە کونا، ئەتگووت زەردەواڵەن وا بەپەلەو کۆمەڵ لە قاعەکانەوە دەرچوون، هەرهەموویان دەرچوون، ئیتر من لەمبەرەوە وەستام و ئامرەکەش لەو بەرەوەو ریزیانم کردو بە سرە جوان وەستان، ئامرەکە بە عەسکەرەکانی ووت خواردنەکەیان زۆر بەباشی و ڕێك و پێکی بدەنێ، بەیانی ئەتانگۆڕم و کۆمەڵێك تر دێنم لەجیاتی ئێوە، بۆ بەیانی بینیمان سەیارەکەو کۆمەڵە عەسکەرەکانیش هەر هەمووی گۆڕیووە، بە سایەقی سەیارەی خواردنەکەشەوە، ئێمە ئەو ئیزرابەمان کردو ئەوانیش بەوشێوەیە گوێیان لێ گرتین.

لەوێ نەخۆشی منداڵ زۆر بوو، ١٢/٤/١٩٨٨بوو ئەنفال کراین، ئەوەندە سەرماو گەرما دابووی لەو خەڵکەو منداڵەکان و لەبان زەوی دانیشتبوون، یان بەپێ زۆر ڕێی کردبوو، خواردنی باشیش نەبوو بیخۆن، زۆربەی تووشی زانترا هاتبوون لەگەڵ سورێژە، ئەم

دوو نەخۆشیە یەکی گرتبوو لەمنداڵ، ڕۆژانە منداڵ بە (٤ و ٥) ئەمردن، ئەوانیش ئەیانبرد ئەیان ناشت، ئیتر خۆمان داوای دکتۆرمان کرد بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو حاڵەتە بکەین، وەك ووتم پێشتر، چونکە عەرەبیم باش دەزانی بووبوومە ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان خەڵکە ئەنفالکراوەکان و بەرپرسی قاعەکاندا، چووم بۆ لای ئامر قاتعەکەو ووتم : دکتۆرمان بۆ بێنن و ئەمانە گوناهن وا دەمرن، هەموو خەڵکەکە داوای دکتۆر دەکەن و من بە نوێنەرایەتی خەڵکەکە هاتووم تا ئەم داوایەتان پێ بڵێم، ئیتر دکتۆری عەسکەرییان هێنا، یەکەم دکتۆر کە هات بۆ لامان مزەمیتێکی لەگەڵ بوو سەیرم کرد ئەم مزەمیتە خەڵکی (حوریەی کەرکوکە) خوشکەکەی پێش ئەنفال دراوسێی ئێمەبوو، ناسیم ئەویش ناسیمی و بەدزیەوە قسەمان کرد پێکەوە، ووتی تۆ چی ئەکەیت لێرە؟ بەکورتی ووتم : حاڵ و مەسەلە گیراوین و ئێستا لێرەین، دکتۆرەکان کە هاتبوون بۆ چارەسەری ئەو خەڵکە سەعاتێك ئەوەستان، من وەرگێڕبووم لە بەینیان منداڵی نەخۆشیان ئەهێنا زوو فەحسیان ئەکردووە داوودەرمانیان ئەدا پێی، یان موغەزییان بۆی هەڵئەواسی، منیش سەیری دەستیانم کردو خۆمیش هەندێك شتم ئەزانی (نزیکەی (٦) مانگ لای برازاکەم خەوتوومە لە مەدینە تووب) بەحوکم ئەوە فێری ئەو شتانە بووم، منیش بە دکتۆرەکەم ئەووت داوودەرمانەکانم بدەنێ و لەسەری بۆم بنووسن چۆنێتی بەکارهێنانی چونکە ئێوە تەنها سەعاتێك لێرەن و بەو سەعاتەش ناتوانن هەمووی چارەسەر بکەن، چونکە دەزانن خەڵکەکە زۆرە، ئەوانیش ووتیان لەدەست ئێمە نییە پرسی سەرەوە ئەکەین ئەگەر ڕازی بوون دەرمانەکان بۆ ئێوە بەجێدەهێڵین، ئەگەر ڕازی نەبوون ئەوا دەسەڵاتمان نییە،





ڕۆیشتن پرسیان کردو هاتنەوە ووتیان هەرچی داوودەرمان هەیە بۆیان بەجێ بهێڵە، ڕۆژانە دکتۆرەکە دەهات و سەعاتێك دەمایەوە بۆ چارەسەری خەڵکەکە، دوای سەعاتەکە داوودەرمانەکە ئەوەی مابووەوە بۆمنیان بەجێئەهێشت، منیش ئەگەڕام بەسەر هەموو منداڵەکان و ئەو ئافرەتانەدا کە نەخۆش بوون، دەرمانم پێیان ئەدا، موغەزیم بۆیان هەڵئەبەست، چەند ئافرەتێك لەوێ منداڵیان بوو خۆم ناوکیانم بڕی، بەکورتی عیلاجم ئەدا پێیان، بە ئەرکی سەرشانی خۆم هەڵئەستام، کە خزمەتی ئەو خەڵکەم ئەکرد واهەستم ئەکرد خزمەتی ماڵ و منداڵی خۆم ئەکەم، یان کەسوکاری زۆر نزیکی خۆم ئەکەم، هەرچەند زۆر هیلاك ئەبووم خۆم بە هیلاك نەئەزانی، کەسانێك هەبوون دەیانگووت پێویست ناکات تۆ وا خۆت هیلاك بکەیت، لەبەر ئەوەی من مرۆڤێکی شوعی بووم، هەستم ئەکرد بە بەرپرسیارێتی، هەستم ئەکرد ئەو خەڵکە پێویستی زۆریان بەمنەو دەبێت من هاوکارییان بکەم، تا ویژدانم ئاسوودەبێت، بۆیە بەشەو وبەڕۆژ لە خزمەتیاندابووم و بەتایبەتی خەوم زۆرکەم بوو هەر بەلامەوە ئاسایی بوو، دەمزانی چارەنووسمانیش چییە، ئیتر بەم شێوەیە ماینەوە تا ڕۆژێك هاتن و ووتیان سرەی ئێوەیە، ئێمەش (٧٥٠)کەس بووین، کردمانیانە ناو سەیارەی موقەپەت بردمانیان بۆ تکریت، لە تکریت (١٢)ڕۆژ ماینەوە ڕۆژی (١٣) مودیر ئەمنی تکریت هات کردیە جواب ووتی کێ عەرەبی ئەزانێ؟

ووتم من عەرەبی ئەزانم، لە (دبس) بەرپرسی قاعەبووم، بۆیە لەوێش (تکریت) هەر بەرپرسی قاعەبووم، ئەو خواردنەی ئەیانهێنا کەم بوو، هەندێك کەس بەری نەئەکەوت، ناعەدالەتیشی تیابوو،

بەشێکی زۆری بەردەکەوت و بەشێکی کەمی بەردەکەوت، نەیاندەزانی وەك یەك و بەیەکسانی دابەشی بکەن، منیش ووتم ئەو خواردنەی ئەیهێنن من خۆم دابەشی ئەکەم بەسەریاندا، هەستام کۆمەڵێك کچم ئەهێنا و خەڵکەکەم (٣ یان ٥) پێکەوە کۆدەکردەوە یەك قاپێك لەو خواردنەم بۆیان تێ ئەکرد لە قوزعەی عەسکەریدا، خێزان هەبوو (١٠)کەس بوو، بەڵام من بەو شێوەیە دابەشم ئەکردن، نەفەری (١) سەموونیشم پێیان ئەدا، مودیر ئەمنەکە ڕۆژێك هات و ووتی : کێ عەرەبی ئەزانێ ؟ ووتم من عەرەبی ئەزانم، ووتی باشە ئێمە (٢)سەعات تر دێین و مێزێك دێنین دایئەنێین، زەرفیش دێنین، تۆش مترجم (وەرگێڕ)بە لەبەینمانداو پرسیاری ناوی سیانی ئەکەین لەخەڵکەکەو ئەوەی ئاڵتوون و پارەی پێیە لێی وەرئەگرین و ئەیکەین بەزەرفێکەوەو ناوەکانیانی لەسەر ئەنووسین بۆ ئەوەی بەیانی سەیارە دێتە شوێنتانا ئەتانبەن بۆ موجەمەع، موجەمەعتان بۆ کراوەتەوە، لە دڵی خۆمدا ووتم ئاڵتوون و پارەکانمان لێ ئەسێنن و ئەمانبەن بۆ مردن نەك موجەمەع، بزان لەکوێ زیندە بەچاڵمان ئەکەن، من بەلێکدانەوەی خۆم ئاوهام دانابوو، ووتم باشە، ووتی : دوای ئەو ناونووسینە ئەگەر پارەو ئاڵتوونەکە هەمووی نەدەن، دەزانین، ئێمە ئافرەتێك لەخۆمان دێنین و تەفتیشتان ئەکات ئەگەر بێت و شتتتان پێ بگیرێت و هەمووی نەدەن پێمان، ئەوا ئیجرائاتی خۆمان دەکەین لەگەڵتان، کە ئەوان چوون ئەو (٧٥٠) کەسە دەیووت باجی رەسمیە بەڕای تۆ چی بکەین باشە؟ گشت پارەوئاڵتوونەکانمان بدەین پێیان یان گشتی نەدەین؟





من ناڕاستەوخۆ پێیانم ووت : ووتم ئێوە کەیفی خۆتانە بەس بەنسبەت ئێمەوە، واتا خێزانەکەی خۆم، ئێمە هەموو پارەو ئاڵتوونمان نادەین، ئەوەی لەبەرچاو نەبێ ئەیشارینەوە، قسەکەم بەوشێوەیەبوو ئەوەی لێی تێ بگات دەزانێ دەڵێم چی، دەیانشاردەوە، ئەوەشی لێی تێنەگەیشت هەڵدەستا هەموو پارەو ئاڵتوونەکەی دەدا پێیان، لەڕاستیدا من نەمدەتوانی ڕاستەوخۆ بڵێم هەمووی بدەن پێیان یان هەمووی مەدەن پێیان، دەترسام بڵێم مەیدەن و پێیان بگیریایەو بیانووتایە تاوانی تۆیە، بۆیە بەو لوغزە قسەم کرد.

دواتر هاتن و دەستیان بەناو نووسین و شت وەرگرتن کرد، هەتا دەیانکردە گوارەی گوێی کچەکانداو ڕایان دەکێشا، من ووتم بەوشێوەیە نابێ، من خۆم گوارەکان لە گوێیان دەکەمەوەو دایئەکەنم و پاشان ئەیدەمپێتان، تەنها ئێوە بەو شێوەیە ڕایمەکێشن، با ئازاریان پێ نەگات، ئیتر لەوە بەدواوە خۆم لە گوێچکەیی کچەکان گوارەکانم ئەکردەوەو دەمدا پێیان، ناویانیان ئەنووسی و ئەیانکردە ناو زەرفێکەوە، زەرفەکانیشیان ئەکردە ناو گونییەکەوە(فەردەیەکەوە)، تا تەواو بوو، بۆ ڕۆژی دواین عەسر، سەیرمان کرد سەیارەمان بۆهات، یەکەم کەسیش ناو من و منداڵەکانی من بوو، ئێمەو (٦٥) کەسیان کردە ناو سەیارەیەکەوە، سەیارەکە زۆر بچووك بوو، شوێنەکان زۆر ناڕەحەت بوو، لە ناو سەیارەکە من بەشدارم پێ بوو(کوڕەکەم) خەریك بوو ئەمرد لە باوەشمدا، زۆر نەخۆش بوو، ( نەسرین براژنمیش خێزانی محمود نجم الدین، کوڕەکەی(چۆمان) )ی پێبوو، ئەویش هەر نەخۆش بوو، وادامان نابوو ووتمان کەمێك ڕێ ئەکەین و هەردووکیان ئەمرن و

لەژێر پێمان دایئەنێین، (٢٠) دەقیقە لەناو ئەو سەیارەبووین و نەمانئەزانی مەسەلە چییە؟ بۆ ناکەوێتەڕێ، تومەزە ئافرەتێک لەگەڵماندایە ناوی باوکی هەڵەیە، هەر مەشغولی ئەوەبوون، هەر سجلیان ئەهێناو ئەبرد، سجنەکەی ئێمە لەگەڵ دائیرەی ئەمنی تکریت، مەجالێك (بۆشایەك)مان هەبوو، لەوێوە ئەهاتن بۆ ناو سجنەکە، ژنەکە ووتی سەیارەیەکم بینیە زۆر بە خێرایی هاتووەتە ناو سجنەکەوەو ئەمانیش هەموویان چوونە بۆلای سەیارەکەو یەکسەر وەرەقە(نووسراوێکیان) پێشانیان داوە، سجلەکە بەدەستیانەوە شل بووە، وەك هەواڵێکی گرنگیان پێ گەیشتبێ، ئەمە بەرقیە بووە لە (سەددامەوە) بۆیان هاتبوو ئەوانەی نەتان بردووە با لە شوێن خۆیان دابنیشن تا بەیانی بڕیاری تایبەتیان بۆ دەرئەچێت، هاتن و دەرگای سەیارەکەیان لە ئێمە کردەوە، هەموومان دابەزین، ڕەنگە (٣٠٠) لەو (٧٥٠) کەسە لە هۆشی خۆی چووبێتەوەو لەو ناوە کەوتبێ، ئەمەندە گەرم بوو، وە شوێنیان ناڕەحەت و تەنگ بوو، ئەگەر بهاتایەو بمانیان بردایە بۆ شوێنی مردن بۆ نموونە بۆ نوگرە سەلمان یان سەماوە، کەنیازیان بوو بمانبەن، هەمووی هەر لەڕێ گیانی لەدەست ئەداو ئەمرد، خوا ڕەحمی کرد دامانیان بەزاند، ئیتر ئیسعافیان هێناو ئەوەی خراپ بوو بردیان بۆ نەخۆشخانە، بە پەلە پەل ئەهاتن و ئەچوون بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، بۆ دوای مەغریب بینیم معاون ئەمنەکە هات ووتی وەرە خواردن دابەش بکە، ووتم من خواردن دابەش ناکەم، ووتی بۆ؟ ووتم ئێمەتان کوشت، ووتی ئەگەر بەم شەوە بتانمان بردایەت بۆ موجەمەع چیتان ئەکرد؟





ووتم بۆ نازانین موجەمع ئێوە کوێیە؟ ئێمەتان ئەبرد بۆ نوگرە سەلمان و لەوێ ئێمەتان تەواو ئەکرد، ووتی منو گەلچ؟
ووتم ما احد گلی من تەسەروفاتکم، من ووتم بزان چی ئەکەن خواردنم دابەش نەکرد، خۆیان هاتن خێرا خواردنەکەیان دابەش کرد، ئەوەی بەری کەوت بەری کەوت ئەوەی بەری نەکەوت هەروا مایەوە بە برسێتی، ئیتر خەڵکەکە بەتایبەت ئەوانەی هیچ خواردنیان بەرنەکەوتبوو ووتیان باجی ڕەسمیە تو خوا بەیانی ئەگەر خواردنیان هێنا بۆمان تۆ دابەشی بکە، ئەوەتا ئێمە هەندێکمان خواردنمان بەرنەکەوتووە کە ئەوان دابەشیان کردووەو تۆ دابەشت نەکردووە، بۆ بەیانی من خواردنەکەم دابەش کرد دیسان، بۆ بەیانی نیوەڕۆ کوڕێك هەبوو (حەمەدی) ناوبوو ئەو حەمەدە هاتە ژوورەوە کردیە جواب ووتی بڕیاری تایبەتیتان بۆ دەرچووە تەنها بۆ (جەلال تاڵەبانی خزمەت نەبێ)، چونکە لە جنسیەکەم نووسرابوو تاڵەبانی ئەیانزانی تاڵەبانیم، منیش ووتم ئەو چی دەربەسە ئێستا ئەو بۆخۆی لە ئەمەریکایە، با هەر قەراری بۆ دەرنەچێت، پاشان هێنامانیان بۆ تۆپ زاوا، ئەو کۆمەڵەیەی لە تۆپزاوابوون لەگەڵ ئێمەدا هێنامانیان بۆ کرکوك، لە کرکوکەوە بەرەو چەمچەماڵ و لەوێشەوە بۆ عەربەت، لە عەربەت ئازادیان کردین، لە عەربەت کراین بە (٣) بەشەوە، بەشێکی خەڵکی کەلار بوو، بەشێکی خەڵکی زەڕایەن بوو، بەشێکی خەڵکی چەمچەماڵ بوو، ئێمەیان هێنایەوە بۆ چەمچەماڵ و بەردراین، دوای چەند ڕۆژێك بە سەماعە بانگەوازیان کردوو وتیان بێن ئەرزتان ئەدەینێ، ئەرزێکی دووری بێکەڵکیان داپێمان، بیرم کردەوە چی لەدەستمان دێت بۆ وەرگرتنەوەی پارەو ئاڵتوونی ئەو خەڵکە؟

بەیانیانێك قایمقام بانگمانی کرد و ناومانی ئەنووسی، ئافرەتێك لەوێ بوو پیرێژن بوو، ووتمە پیرێژنەکە بە قایمقام بڵێ جەنابی قایمقام پارەو ئاڵتوونەکانمان کەی ئەدەنەوە؟
ووتم ئەگەر پێتی ووت پارەو ئاڵتوونی چی؟ خەمت نەبێت من وڵام ئەدەمەوەو تەواوی ئەکەم قسەکانم.
پیرێژنەکە ووتی : جەنابی قایمقام ئەی پارەو ئاڵتوونەکانمان کەی ئەدەنەوە؟
قایمقامەکە ووتی : پارەو ئاڵتوونی چی؟
ووتم : یارمەتیم ئەدەیت من تێتبگەیەنم؟
ووتی : فەرموو.
ئیتر منیش بۆیم باس کرد کە چۆن پارەو ئاڵتوونەکانیان لێمان سەندووەو وتوویانە دواتر ئەتاندەینەوە، لە دڵی خۆمدا ووتم ڕەنگە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرووی خۆیاندا باسی ئەم مەسەلە بکەن و بۆمان بگەڕێننەوە، دوای هەفتەیەك بانگەوازیان کرد ووتیان کێ پارەو ئاڵتوونی لێ سەنراوەتەوە لە تکریت بابێت وەریبگرێتەوە، ئێمەش ڕۆیشتین وەك چۆن لە تکریت کردبوویانە ناو زەرفەوە بەو شێوەیە بۆمانیان گەڕاندەوەو دایانەوە پێمان و نەیانتوانی بیخۆن.
دلێر کەریم / هیچ لە پارەو ئاڵتوونەکان کەمی نەکردبوو ؟ لەکوێ پارەو ئاڵتوونەکانتان وەرگرتەوە ؟
ڕەسمیە نجم الدین / نەخێر هیچ لە پارەو ئاڵتوونەکانمان کەمیان نەکردبوو، ئەوەندەی ئێمە بیستبێتمان، وەك خۆی بوو، لە چەمچەماڵ هەموویمان وەرگرتەوە، واتا لە تکریتەوە هێنایانەوە بۆ چەمچەماڵ بۆمان، بە داوای قایمقامەکەی چەمچەماڵ دوای ئەوەی





ئێمە باسی حاڵەکەمان بۆی کرد، دوای وەرگرتنەوەی شتەکانمان کۆتای بەو گەشتەمان هات کە لە ژیانەوە چووینە نزیك دەروازەکانی مردنەوەو مردن بەچەندین شێوە خۆی پیشانمانداو هەمیشە لەگەڵمان بوو، بەڵام هەندێکمان بران بەرەو مردن و ئێمەش بەڕێکەوت ڕزگارمان بوو لەمردن تا باسی ئەو مردنەی ئەوان بکەین و چیرۆکەکانی زیندان و مردن و گریان، ئازارو مەینەتی، دابڕان، بۆ دنیا بگێڕینەوە.
دلێر کەریم / چی چیرۆکێك لە کارەساتی ئەنفالدا هەژانتی؟ قەت لە بیرت ناچێتەوە؟
ڕەسمیە نجم الدین / ئەوکاتەی لە (دبس) بووین ، ڕۆژێکیان یەکێك لە جێش شەعبیەکان هات بۆ لام و بە منی ئەگووت (شێخیە)، ووتی شێخیە بەخوا ئەم ئێوارە کوڕەکەم هاتووەتەوە نەنانی خواردووە نە ئاوی خواردووەتەوە، تەنها لەسەر دەم کەوتووەو خۆی داوە بەزەویدا من و دایکی چەندێك تکامان لێی کردووە، کوڕم چیتە پێمان بڵێ، وتوویەتی دایەو باوە زۆرم لێ مەکەن باسی بکەم، ئەگەر بۆتانی باس بکەم ئێوەش هیچتان بۆ ناخورێت، ئێوەش بێزار ئەبن، ووتی دوای ئەوەی من و دایکی زۆرمان لێی کرد باسی کرد بۆمان، ووتی کوڕەکەم لە ڕەبێیە بووە خۆی و هاوڕێکانی، پێکەوە سەیریان کردووە لە دوورەوە شتێك دیارە بەرەو لایان دێت، کاتێك سەیری ئەکەن ئەمە سەگێکەو منداڵێك ها بەدەمیەوە، منداڵەکەش قوومات کراوەو سەگەکە قەپی داوە لە قووماتەکە(قوماشەکەی نەك گۆشتەکەی) بۆ ئەوەی منداڵەکە ئازاری پێ نەگات، منداڵەکە سەرو قاچی بەهەردوو دیودا تەکەی دێت، ووتی سەگەکە هاوردی بۆلای ئێمەو وەك چۆن بڵێ

ئێوەش مرۆڤن و ئەمەش لە ئێوەیە، لەبەردەم ئێمە داینا، پاشان ڕۆی کەمێك لەدووری ئێمەوە تەماشامانی ئەکرد وەك بپرسێت بزان ئێوە چی لێ ئەکەن؟

ووتی بینی ئێمە شەکراوی بۆ دەکەین و دەمچاوی ئەشۆین و قاچ و دەستی پاك ئەکەینەوەو خزمەتی ئەکەین، سەگەکە گەڕایەوە بەرەو دێیەکە، ووتی دواتر ئێمەش چووین دامانەدەستی ئەو جێشەی لە تەنیشتمان بوون.

**دلێر کەریم / بڕواتان بەوکابرا عەرەبە کرد کە ئەوەی بۆ گێڕانەوە؟ لە کاتێکدا ئێوە زیندانی بوون و ئەویش پیاوی ئەو دەسەڵاتەی بەعس بوو بەو هەموو دڕندەیەی خۆیەوە؟**

ڕەسمیە نجم الدین / بەڵێ، ئێمە بڕوامان بەکابراکە کرد، چونکە لە عەشایەری حەویجە بوون، زۆر خەفەتی ئەخوارد بۆمان، زۆر بەداخەوە بوو بۆمان، چەندین جار بەدزییەوە پارەم ئەدا پێی شەکری بۆمان ئەهاورد، پسکێتی بۆم ئەهاورد بەکارتۆن، ئەمدا بە ئەو منداڵانەی کە نەیاندەتوانی سەموون بخۆن، سەموونی ڕەق، مەمنوع بوو شت هێنان، چەندین جار پارەمان داوە پێ تەماتەی بۆمان هێناوە، ئێمەش ئەماندا بە نەخۆشەکان، بەنهێنی بۆ ئەوەی کەس نەزانێ، چونکە ئەو خواردنەی ئەیاندا پێمان چەور بوو، منداڵەکانیش زانترا یان سورێژەیان بوو، پێویستیان بە ماست بوو، نەك ئەو خواردنانە.





**دلێر کەریم / مردنی گەورە زۆر بوو لەوێ؟ جگە لەوەی منداڵەکان وا باست کرد؟**

خەڵك زۆر ئەمرد، لەبیرمە لە دبس ڕۆژێك دوو ئافرەت مردن، بردیان لەماڵ موختار ئەیانشۆردەوە، کفن و دفنیان ئەکرد لەوێ، گردێك هەبوو دووربوو لەئێمەوە، بەڵام هەر دیاربوو لێمانەوە، لەو گردە چاڵیان بۆ ئەکردوخۆڵیان ئەکردە بانیدا .

# حەمدیە محەمەد جەوهەر



**حەمدیە محەمەد جەوهەرکەیەکێکە لە بنەماڵەی برایم خانچی ، وەك خۆی گێڕایەوە نزیکەی ٥٥ ساڵ لەدێی کەریم باسام ژیاوە، وە سەرەڕایی ئازارو مەینەتیەکانی ژیان و ئەو دەردە سەری و ناخۆشیانەی بەهۆی ئەنفالەوە تووشیان بووە، ململانێی پیری و نەخۆشیش لە زیرەکی و بیرتیژیەکەی کەم نەکردۆتەوەو بەم شێوەیە باسی قوربانیانی کارەساتی ئەنفالی دێکەیانی بۆکردین و نزیکەی کاتژمێرێکی بۆ تەرخان کردین بۆئەوەی باسی نەهامەتیەکانی کارەساتی ئەنفالمان بۆ بکات، وە کۆمەك و هاوکاری کردین بۆ زانیاری لەسەر ئاوایی کەریم باسام و ناوی ژن و پیاو منداڵ و گەورەو بچووکی ئاوایی، ئەو خێزان بەخێزان بۆمانی ژماردو بەبیرێکی زۆر وردودرشتەوە ژمارەی خێزان و دانیشتوانی پێش ئەنفال و ماڵە هاروبەکانی دێ و ڕۆژانی خۆشی ئاوایی و ناخۆشی ناو تەلبەندەکانی زیندانی بۆ گێڕاینەوە :**





**دلێر کەریم / پێش ئەوەی دێی (کەریم باسام) ئەنفال بکرێت، ئێوە ئاگاداری ئەوە بوون کە بەعس دەیەوێت شاڵاوی ئەنفال دەست پێ بکات؟**

**حەمدیە محەمەد جەوهەر/ بەڵێ هەواڵمان بیست ووتیان (سەرگەڵو بەر گەڵو) گیراوە، تەنانەت گوندەکانی (ڕەبات) و (هەزارکانی) و (کچان) هاتن بەرەو خوار، بۆلای ئێمە، ماڵێك خەڵکی (هەزارکانی)و ماڵ حەسەن عەلی خەڵکی (فەقێ مستەفا) لەماڵ کاکە فارس دا بوون، خەڵکی گوندەکانی ژوور بەرەو خوار هاتن، وەك قولی جان و لای ئێمەو هەندێك لە گوندەکانی تر.**

**دلێر کەریم / ئێوە چ وەختێك لە دێکە دەرچوون و ڕووتان کردە چ لایەك ؟ خۆتان بڕیارتاندا دەرچن یان کەسێك پێی ووتن؟**

**حەمدیە محەمەد جەوهەر/ نزیکەی هەفتەیەك پێش جێهێشتنی گوندەکەمان، هەندێك پێداویستی و پێخەف و خواردنمان بردە دەرەوەو لە ئەشکەوت و کەلۆزەکاندا شاردمانەوە، ووتمان بزان دنیا چی لێ دێت، ماڵی وا هەبوو هەر لەو چۆڵایدا داینا، ڕۆژێك دەمەوئێوارەبوو پێشمەرگە هاتەلامان، ووتیان جاش و جێش هاتووە بۆ (بنارگل) و ئێمە ئەچین بەردەمی لێ ئەگرین و شەڕیان لەگەڵ دەکەین، تا دەبابە بە بان لاشەماندا نەیەت مەجالیان پێ نادەین بێن بۆ گوندەکانی تر، ئێوە لە شوێنی خۆتادا مەجوڵێن و بۆ هیچ شوێنێك مەڕۆن، ئیتر بۆ شەوەکەی نان و خواردنمان بۆیان حازرکردو لەگەڵ مەشکەی ماست بە (حمۆمین مام وەهاب)دا بۆیانمان نارد بۆ (ئاوباریك)، شەو درەنگێك حمۆمین هاتەوەو ووتی با ڕابکەین جێش هاتووەو گەیشتووەتە دێیەکانی بناری گل، (ئاوباریك) و (سۆفی ڕەزا)، گەر دەرباز نەبین بیانی هەموومان**

دەفەوتێین، بیانی زوو ڕوومانکردە (ڕەمەدان)، بۆ شەو کە گەیشتینە ئەوێ تەماشامان کرد کەسی تیا نەماوە، دەنگی تەیارە(فڕۆکە دەهات لەبان کەریم باسام)، پێش دەرچوونمان لەئاوایەکەی خۆمان جەماعەت مامۆستا عەزەدین (شیوعیەکان) وتیان ئێوە بڕۆن خۆتان ڕزگارکەن و ئێمە نایەین لەم کەڵۆزانەداخۆمان حەشار ئەدەین و شەڕدەکەین، کە ئێمە ئاوایمان جێهێشت ئەوان لە کەڵۆز (بووبوو)ەکەدامابوونەوە تا نیوڕۆ شەڕیان کردبوو، (جەماعەت شێخ کەریم)یش شەڕیان کردبوو،نێوەڕۆ زانیبوویان هێزی پێشمەرگە ناتوانێت بەر بەو شاڵاوە دڕندانەیەی بەعس بگرێت و پێشمەرگەکان ماندووی شەڕەکانی بناری گل بوون و چەند شەو ڕۆژێك پشوویان نەدابوو، هێزی ڕژێم تۆپ و تەیارەو دەبابەو هەموو جۆرە چەکێکیان پێبوو، پێشمەرگەکان شکابوون، بۆ ئێوارە هاتن بۆ لای ئێمە لە ئاوایی (ڕەمەدان)، ووتیان هەموو خانووەکانی کەریم باسام ڕووخاون و تۆپ و تەیارە وێرانی کردوون، ئەو ڕۆژە لەترسی تەیارەدا نەمانوێرا بۆ هیچ شوێنێك بڕۆین، تا دنیا تاریك بوو، ئیتر هەستمان کرد دەنگی فرۆکەش نەما، ڕانمان هێنابوو، قارەی مەڕو بزن و ساوەو گایەل دنیای نابوو لەیەك، لەو گفتوگۆیەدابووین بڕۆین یان نان بخۆین پاشان بڕۆین، هێندەمان زانی مام مەجید هاپۆ ئەمین و پیاوێکی تر لەکفری و ملەسوورەوە هاتن، ماڵ میم ڕەعنەو مام فارس ی لەگەڵ خۆی برد و ئەحمەد تاتی میناش کەوتە تەکیان و لەگەڵیان ڕۆیشت و هەموویان چوون بۆ قولیجان، ئێمەش جەماعەت ماڵ عەزەی کاکە حەمەیەو ماڵ شێخ تۆفیق و ماڵ شێخ ساڵەحە، بناری گل گشتی هات، ماڵ مام ساڵەح، هاوڕێ شوانە ژنەکەی مارە بڕی بوو هێشتا





نەیگواستبووەوە، خۆی دەزگیرانی لەوێ بوون، گشتمان لە ڕەمەدان بەو شەوە یەکمان گرت، بەو شەوە ڕوومان کردە ئاوایی (بەکرە گەڕە) و نەمانتوانی بمێنینەوەو دیسان کەوتینەڕێ و دەشتمان دالەبەر تا بەیانی زوو گەیشتینە بان کەڵۆز (هەسەن پرچن)، بەیانی زوو ووتیان هەمووتان بڕۆنە کەڵۆزەکەوە ئێستا لەگەڵ ڕۆژەوەبوون تەیارە هەڵدەستێ، تا عەسرێکی درەنگ لەوێ ماینەوەو دەرنەچووین، درەنگێك کەڵۆزەکەمان بەجێهێشت و ڕوومانکردە ناو ئاوایەکە(هەسەن پرچن)و (هێشتا خۆر مابوو) هەریەکەو تەشتێك نانمان کردوو پیاوەکان چوونە کەڵۆزەکەوە، نان و ماستمان بۆیان نارد، حمەجان کوڕم ووتی :

(دایە دەمەوێت تەراش بکەم، بابام حاجی نەجمەدین مردووە تا ئێستا تەراشم نەکردوو) منیش شتەکانم بۆی ناردوو تەراشی کرد.

هێشتا چلەی حاجی نجم الدین نەکرابوو ئەو کارەساتە قەوما، تا ئێمە ئیشەکانمان کرد پیاوەکانیش خۆیان ئامادەکردبوو، هەر بەو شەوە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە گوندی (بەگ زادە)، هەر لەوێشەوەو بەبێ وەستان کەوتینەڕێ تا خۆر کەوتن گەیشتینە بان کەل(برایم غوڵام)، سەیرمان کرد جێش و جاش ڕوویکردووەتە ئەو دەشتە، ئێمەش بەرەو قادر کەرەم ئەچین، هەر لەوێ پیاوەکان بە چەك و تاقمەوە جیابوونەوەو بە ئێمەی ئافرەتەکانیان ووت ئێوە (ژن و منداڵەکان) بڕۆن و خەمی ئێمەتان نەبێ کەس حەقی بەسەر ژن و منداڵەوە نیە، وتیان ئێمە چەکدارین و خۆمان تەسلیم مستەشارێك ئەکەین، عەسکەریەکان هاتن پیاوەکانیان گرت و سواری (ئیڤە)یانیان کردو بەلای ئێمەدا بردیانیان، پیاوەکانیان هەر ئەوکاتە بردبوو بۆ قاعەکان (سەنگاو) تا بەیانی نان و ئاویان

نەدابوونیَ، لەویَشەوە بۆ سلیَمانی، ئیَمەش ئەو شەوە هاتینە قادر کەرەم ماڵ فاتیح گوڵ پەموو، ماڵ حەسیب لەویَ بوو، خەڵکیَکی زۆر لەویَ بوون، ئیتر هەواڵی ئەوەمان بیست موختار بەسەماعە بانگی کردووە ئەوەی ماڵ و منداڵی ئاوایەکان لەماڵیان بیَت وەك ئەوان حسابیان بۆ دەکەین، بۆیە چووین بۆ (مەجموعەکە)ی خوار قادر کەرەم، سیَ شەو لەویَماینەوە ناسیارو خزم نان و سەموون و شتیان بۆمان نارد وەك ماڵ میم ئیلهام و کەریم برام لە کەرکووك، شەویَك لەماڵ فاتیح و سیَ شەو لە مەجموعەکە واتا چوار شەو لە قادر کەرەم ماینەوە، تەنها عەزیز حاجی نجم الدین و ئەمین حاجی نجم الدین لەگەڵمان بوون، چونکە عەزیز لەگەڵ ئیَمە هات و وتی ماڵ و مناڵەکەم جیَناهیَڵم و ئەمین شوبرامیش لەگەڵ ڕانەکەدابوو، بەتەمەنیش بوون بۆیە لەگەڵ پیاوەکاندا نەیانیان برد.

**دلیَر کەریم / باشە لەویَ لەمەجموعەکە دەورتان نەگیرابوو؟ خەڵك دەیتوانی سەردانتان بکات و شتتان بۆ بیَنیَ؟ یان نەتاندەتوانی ڕابکەن؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / بەڵیَ خەڵك دەیتوانی سەردانمان بکات، کەس زۆری لیَنەکردین و خەڵك خۆی دەچوو بۆ قادرکەرەم ناوی دەنووسی، دەیانووت خانووتان بۆ کراوە (لە موسڵ) بۆیە خەڵك نەیدەزانی وایە، هیچمان جیَنەهیَشت بوو، لەبیرمە میمکم نەجمە (خیَزان حاجی نجم الدین) فەرەنجی شوانەکەی هیَنابوو قۆڵەکەیمان لە نوگرە سەلمان کردە بەرگی مەتارەی ئاو خواردن، بەخوا نەمانزانی حکومەت وامان لیَ دەکات ئەگینا هەر لەکەلۆزەکاندا دەماینەوەو نەدەهاتینە بەردەستی وا بە ئاسانی، کاتیَك لە قادر کەرەمیش بارمانیان کرد لە کەلەکەی (ئالیاوە) حەوت زیل





(ئیڤا)بووین، تووشی جەماعەتیَك بووین ووتیان ئەمە مستەشاریَکە ناوی (موعتەسەم)ە، چاوی بە ژن و منداڵ کەوت ووتی ئەوە بۆ کویَ دەڕۆن؟ تووڕە بوو سیَ زیلی گەڕاندەوەو بۆ قادر کەرەم، ووتی ناهیَڵم بیانبەن، عەسکەریەکانیش بەعارەبی ووتیان یەك زیلی تر بگەڕیَننەوە هەرچی نەفەری تیایە دەیانکوژین.

**دلیَر کەریم / واتا ئەو مستەشارە باش بوو لەگەڵتان و لە بەرژەوەندی ئیَوە قسەی کرد؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / بەڵیَ ئەو مستەشاربوو، دەیزانی ئیَمە ڕاپیَچی مەرگ دەکریَین بۆیە ئاوها داکۆکی دەکردلیَمان و دەیویست بمانگەڕیَنیَتەوە بۆ قادر کەرەم و نەمانبەن بەرەوخوار.

بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە لیواکەی چەمچەماڵ و لەویَ دامانیان بەزاندو وتیان هەر بە تەنیش زیەکانەوە بووەستن کۆپتەرەکە هاتە بان سەرمان و ڕەسمی گرتین و ڕۆشت، پاشان ووتیان یاڵا سەرکەون و ڕاستەوخۆ بردمانیان بۆ کەرکوك، لەویَشەوە بۆ (تۆپ زاوا)، یەکەم ڕۆژ ڕەمەزان لەویَ بووین، سیَ شەو لەویَش ماینەوە.

**دلیَر کەریم / لەویَ پیاوەکانتان بینی؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / بەڵیَ، بە بەرچاوی ئیَمەوە دەدە گەنجەکانیان دەبر بۆ ئاودەست بە دەست وچاو بەستراوی، جلوبەرگیان لەبەر نەبوو تەنها قەمیسیَك نەبیَت، باران لەسەر دەباری، عەسکەریَك لەپیَشیانەوەو یەکیَك لەدوایانەوە بوو، چی کیَبڵیان ئەداوە بان پشتیاندا شویَنەکەی دەکەوت، ئەوە کازم هاپۆ نەجم، دایکی لەناو زیلەکەدابوو، ئیَمە بار ئەکراین و ئەوان دائەبەزین، ووتی یارمەتی دایکم ئەدەم بەتەمەنە تا داببەزیَت، ویستی باوش بدات لەدایکی و بەکیَبڵ هاتن پیَیداو پاڵیان خست و

بەپۆستاڵ چوونە سەری، کردیانە قەمسەڵەکەی بەریدا دایکەنن خەریك بوو باڵی بشکێنن، ووتیان ئێمە خۆمان دایاندەبەزێنین، هەموویانیان کردە قاعەکەوە، ئەو ڕۆژە ئێمە بارکراین.

**دلێر کەریم / لە تۆپ زاوا ئافرەتە گەنج و پیروبەتەمەنەکانیان جیاکردەوە؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / بەڵێ هەریەکەم ڕۆژی گەیشتنمان بەوێ جیایان کردینەوە، جەماعەتی (گەنجەکان) وەك ڕەحمەو ڕەسمی و کەژاڵ و ئەوان بران بۆ دبس و تکریت و تەنها یەك شەو لە تۆپزاوا مانەوە، ئێمەش سێ شەو لەوێ ماینەوەو بارکراین بۆ (نوگرە سەلمان)، سەعات هەشتی سەرلەبەیانی دوانزە(١٢) مونشەئەیان لێمان بارکرد بۆ نوگرەسەلمان، شەوێك پێش ئەوەی بمانبەن پیاوە بەتەمەنەکانیش کە تا ئەوکاتە لەگەڵمان بوون لێمان جیاکرانەوەو بەیانی پیاو و ژن بەجیابران (وەك مێردەکەم عەزیز نجم الدین)، تا گەیشتینە ئەوێ تەنها حەوتی مایەوەو هەر دانەیەکیان بۆ شوێنێك بردو ئیتر نازانم چیان لێیانکرد.

**دلێر کەریم / پارەتان پێ بوو دوای ئەوەی خێزانەکەتان جیاکرایەوە لەیەك، پیاوەکان دابڕان، پاشان کچ ومنداڵ و گەنجەکان جیاکرانەوە، ئێوە چۆن ژیانتان دەگوزەراند؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / پێش ئەوەی لە تۆپزاوا لەیەك جیابکرێینەوە کوڕێکی گەنجی شیعە کە نانی تەوزیع ئەکرد دوای ئەوەی دڵنیابوو عەسکەریەکان دیارنین بە مێردەکەمی ووت وریابن دزو جەردەو ڕاوڕووت ئەکرێ و بیانی دەتانگوازنەوە چیتان هەیە با لەیەك شوێن نەمێنێ و لەچەند شوێنێك و لای چەند کەسێك دایبنێن دەتانبەش بۆ شوێنی تر، ئێمەش سەرەتا وامانزانی





درۆدەکات، ووتمان بەخوا ڕەنگە خۆی دزبێت و بیەوێت بزانێت پارەمان پێیەیان نا، دواتر بۆمان دەرکەوت ڕاست دەکات، عەزیز مێردم (٧٠٠)دینار پارەی حەیوان فرۆشتنی پێبوو، (١٠٠٠)دیناری دابووە دەست (ئاڵای)خوشکی و (٧٠٠)ی لای خۆی بوو، تازە حەیوانمان فرۆشتبوو، دابەشی کرد لێمان، پێنج مانگ و بیست ڕۆژ لە نوگرە سەلمان ماینەوە، یەك مانگی سەرەتا (ڕەمەزان) تا جەژن خواردنیان باش ئەدا پێمان، دواتر زۆر خراپ بوو، نیوەڕۆ بە نیوەڕۆ سێ سەموونیان ئەدا پێمان، نە چای نە ئاو، ئاوەکە زۆر تاڵ بوو بەکەڵکی خواردن نەدەهات ناچاری نەبووایە، لەوێ دیسان پیاوە بەتەمەن و ژنەکانیان کردە قاعەوە، نزیکبووین لەیەکەوە بەڵام تێکەڵ نەبووین، یەکترمان دەبینی، دوای ماوەیەك ووتیان کێ نەخۆشەو بەتەمەنە ناوی ئەنووسین بۆئەوەی بڕۆنەوە، ئیتر (فایەق کوێخا برایم و عەزیز مێردم) ووتیان بۆ خاتر خوا ناوتان مەنووسن ڕەنگە بیانبەن بیانکەنە ناو بەحرەوە، یان ژێر خۆڵەوە، یەکەمجار نەمانوێرا خۆمان ناونووس بکەین بۆ ئازادبوون، ئەترساین بمانبەن بمانکوژن، نەمانزانی بۆ کوێمان دەبەن، ووتمان با هەر لەوێ بمێنینەوە باشترە، هەرچەند تێکەڵ نەبووین بەڵام ژن و پیاوەکان یەکترمان دەدی، مام فایەق و مەجید لەکانی عوبێدو عەزەدین برای فایەق ئاغا لەڕەبات، لەوێ بوون بەڵام هەواڵی گەنجەکانمان نەئەزانی، دوای هاتن و ڕۆشتنی چەندین قافڵە، زانیمان پیرەکانیان ئەبردو گەنجەکانیان ئەهێنا بۆ ئەوێ، هەر قافڵەی (٥٠٠) کەس دەبوو، بێ کەم و بێ زیاد، نەیاندەهێڵا ناوی یەك کەس نەزیادبێت و نەکەم، بۆ ئەو مەبەستەش دەیان جار حسابیان ئەکرد، جارێکیان یەك کەسیان زیادبوو لەڕێگا دایانبەزان

و عەسکەریەکان بردیانەوە بۆ ناو قاعەکە، ووتی هەڵەمان کردووە، (حەمدەی وەستا ڕەشید)هەیە ژن سابیر جەبار، ناوی نووسی لەگەڵ ئێمەدا، خێزان ڕەشید فەتی لە دبسەوە ڕەوانەی لای ئێمە کران لە نوگرەسەلمان، چووینە لایان، خزم و ناسیاری زۆر بوون، ووتیان وەڵا ئێمە لای گەنجەکانی ئێوەوە هاتین بۆ ئێرە، ووتیان قەدری و سەعدی و جەماعەتمان هەمووی بینیووە بەخوا شوێنیان ئەوەندە خۆشە شوێنی خۆ شووشتن و نان خواردن و ڕێگەو جێگەی باشیان هەیە، ووتمان وەڵا باشە مادام هەواڵی منداڵەکانمان زانی و هان لەوێ.

بەڵام ئێمە بەبۆنەی (ڕەسمی) براژنمەوە نەترساین، ووتمان ڕەسمی زمانەکە باش ئەزانێ و تێگەیشتووە بۆ هەرکوێ بڕون ئەویان لەگەڵ بێت دانامێنن، مردن و ژیانیان پێکەوەبێت باشە، بەڵام ووتیان گشتیان ڕەوانەی ئەم شوێنە ئەکرێن، ناو گشتی نوسراوەو ئامادەکاریان بۆ کردووە، سێ وەجبە پیریان لەوێ دەرکرد و سێ وەجبە گەنجیان هێنا بۆ ئەوێ، ئێمە وەجبەی سێیەم بووین، دوو وەجبەکەی پێشوویان بردو هەواڵمان بیست ڕاستە ڕزگار ئەکرێن و نەکوژراون، لەشاردا بۆ خۆیان ژیان دەگوزەرێنن، چونکە ناسیار لەشارەوە سەری ئەدا لەتۆپ زاوا و ئەوانیش خەبەریان ئەدا بە ئێمە، بیستمان ووتیان والی بابا فارس بەربووەو ها لە سمودو کەلار، ئینجا ووتمان بەخوا هەرچۆن دەبێت ئەبێ ناوبنووسین، خالۆ ژنم (نجمە) ووتی عەزیز کوڕم هیچمان نەماو خەریکە ئەمرین و تەواو ئەبین بێ بمبە بۆ لای حاجی ساڵەح (خوێڵێن) (چەند ساڵێکە مردووە)، بۆ ئەوەی ناومان بنووسێت، من و خالۆ ژنم و عەزیز مێردم و کاکی عەبدوڵاو میم تەمین هاتینە خوارەوە بۆ





ناونووسین، کاکی منداڵ بوو لەگەڵ نەزیمیە خوشك حمەی کەریم ئاغا بوو ڕەوانەی ئەوێ کرابوون، ئیتر ووتی من لای میمکم نەجمە ئەبم و بۆ هیچ شوێنێك ناچم، بەخوا ئەوەندە بەکەڵکمان هاتووە تا بمرم لەچاکەی کاکی دەرناچم، ئاوی بۆمان دەهێناو بەردەستی دەکردین، هاتینە لای حاجی ساڵەح و بە عارەبەکەی ووت ناوی بنووسە، ناو خاڵۆژنم نەجمەیان نووسی، ئەویش ووتی ئەی کوڕەکەم عەزیز، ووتیان کامە کوڕتە؟ ووتی ئەمەتا عەزیز نجم الدین، ئەویشیان نووسی ووتی ئەی خوشکەکەم، ناو میم تەمینیشیان نووسی، عەزیز مێردم ووتی وەڵا تا ناو خێزانەکەم نەنووسن منیش ناڕۆم، پاشان ناوی منیان نووسی، جارێکی تر خاڵۆژنم ووتی ئەی ئەم کوڕە؟ ووتیان ئەو کوڕە ناوی چییە ووتی : حەمید عەبدوڵا (چونکە کاکی لە جنسیەدا ناوی حەمیدە)، ناوی هەموومانیان نووسی، وەك ووتم (حەمدەی وەستا ڕەشید) ژن سابیر جەبار، خۆی ناوی نووسی، ستار و سابیرو سەمین لەوێن، سێ پیاوی پیرن تەنها (حەمدیە) نان و چاییان بۆ دەکات و ئاویان بۆ دێنێ و بەردەستیان دەکات، (حەمدیەو سەوڵەی کچ وەستا ڕەشید لەوێ بوون) حەمدە ناوی نووسی، شەو ئەو کەسانەی ناویان نووسی بوو جیاکرانەوە بۆ ئەوەی کەس نەیەتە ناومانەوە، ئەوانەش ناویان نەنوسرابوو بەجیا کرانە قاعەیەکەوە، ئێمەش بەجیا، دەرگایان لەسەر ئێمەش داخست و نەیاندەهێڵا بچینە دەرەوە، هەرسێ براکە(ستارو سابیرو سەمین) ووتیان بەخوا ناهێڵین بە تەنیا بڕۆیت و بۆ ناوخۆت نووسیە؟ ئەی ئێمە سێ پیرین بەتەنها لێرە چی بکەین؟

ووتیان هەر هیچ نەبووایە ناو پیاوەکەی خۆت بنووسیایە، ئێمە ناهێڵین بڕۆیت، بەیانی زوو ووتیان یاڵا ئەوەی ناوی نووسراوە بابێتە خوارەوەو زیل حازرە باریان دەکەین، حەمدیە ووتی من ناڕۆمەوە تا پیاوەکەمیش نەنێرنەوە، ئەو پیرە بەتەنها چۆن جێبێڵم؟ عەسکەریەکانیش ناوی یەکێکیان سڕیەوەو جیایان کردەوەو مێردەکەی حەمدیەیان هێناو ناویان نووسی، هەر (٥٠٠) کەسەکە حساب کران و بارمانیان کرد لە سەعات ٨، هاوردمانیان بۆ تۆپ زاوا، لەوێ دابەزین، پیاوەکان نوێژیان کردو ئیسراحەتێکیان کرد، من خۆم لەبەر هیلاکی نەمتوانی وهەر دانەبەزیم، ئەوەندە لەڕێ لایان ئەداو تاخیرمانیان ئەکرد هەر کوشتمانیان، لە تۆپ زاوا نەماینەوە، هاوردمانیانەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لە قاعەکەی سلێمانی بەرمانیان دا.

قادر کەرەم چۆڵ کرابوو، هەموو خزم و ناسیارەکانمان لە چم چماڵ بوون، ماڵ مام فارس و مەردان و عومەرو ئەحمەد تەقەڵ و عەتەو زۆری تر، ئێمەش ڕوومان کردە چەمچەماڵ، لەماڵ خەڵکدا ژیانمان دەبردە سەر، لەو گوزەرانە خۆشەی ئاواییەوە هاتین بۆ ناو دۆزەخی ناحیەو ئۆردوگا، نزیکەی ٢٥ ڕۆژێك لەماڵ ئەمین حاجی محەمەددا بووم، زیندانی و کۆڵەمەرگی وایلێ کردبووین وەك کۆترە دارمان لێ هاتبوو تەنها دائەنیشتین و نەماندەتوانی زۆر بجوڵێین.

**دلێر کەریم / ژیانتان لە سجنەکاندا چۆن بوو؟ خەڵك دەمرد بەهۆی نەبوونی خواردن و ئازاردان و هیلاکی و نەخۆشی و تەنگەبەرییەوە؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / بەڵێ تا ئێمە لەوێ بووین شتێك نەبوو بەناوی ژیانەوە دڵمان پێی خۆش بێت کە دەژین، ڕۆژی وا هەبوو





دە کەس دەمرد و فڕێ دەدرا، بەڵام دوای ئێمە عافواتەکەی دا باشتربوو، (حەسەن عەلی عەبدولرەحمان) لەوێ هاتەوە ووتی تەنکەرە ئاویان هێناوەو ئاویان دابەش کردووە، دەیگووت بە قورئان لەڕۆژێکدا چل کەسم شۆردووەتەوەو گیانی لەدەست داوە، تەنکەرە ئاوەکە ژەهریان تێکردبوو، ڕەنگەکەی زەردبووەو ئەوەی وەریگرتووەو خواردوویەتیەوە تووش بووە، ووتی ئەوەی جلیکانی هەبوو ئاوی تێکردبوو باشتر بوو دەڕشایەوە یان تووشی زگ چوون دەبوو نەخۆش دەکەوت ودوای دوو ڕۆژ باش دەبوو، ئەوەی مەتارەی باغەی ڕۆنی هەبوو لە بچووکە بان سوورەکان، حوسێن ئەحە و جەمەی ژن نەجم لەوەیان هەبوو، یەکسەر لەگەڵ خواردنەوەی ئاوەکەدا گیانیان لەدەست دابوو.

**دلێر کەریم / تۆ وەك کەسێکی ئەنفالکراو لەو ماوەیەی زیندانیدا چی ڕووداوێکت بینی زۆر خەمت بۆی خواردبێت، کاریگەری لەسەرت جێهێشتبێت؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / بیهێنە پێش چاوی خۆت، ژنێك لە دێهاتەکەی خۆیدا چۆن ژیاوە، خاوەن پیاو و کوڕو براو خزم و کەس و ڕانە مەڕو تراکتەر، لە زیندانێکدا بێت نە پیاو و کوڕو خزمی لابێ و نە دینارێکی پێ بێت و منداڵەکەی نەخۆش بێت و بگیرێت، تێر زگی خۆی نان نەبێ بیخوا، ڕان و مەڕوماڵاتی بەجێهێشتبێ و لەبری نانی گەرم و کەرەو ماست و دۆینە، سەموونی ڕەقی دەست نەکەوێت بیخوات و بیداتە منداڵەکەی، قیژە قیژی ژن و هات و هاواری منداڵ، ئەمانە بڵێی لەبیری ئێمە بچنەوە؟ لە نوگرە سەلمان گەنجێك هەبوو بەناوی (حەجاج) قەڵەوێکی ڕەش ئەسمەری ئەبوو شوارب بوو، شوارب ڕەشێکی کەتە بوو، کاتێك

ژنەکان سرەیان گرتبوو بۆ وەرگرتنی دەرمان، منیش ماوەیەکی زۆر بوو نەخۆش کەوتبووم ووتیان دکتۆر هاتووە دەرمان ئەدات بە نەخۆشەکان، بەکێبڵ و سۆندەوە کەوتە گیان ژن، هەموو ژنەکانی خستەملی یەکتردا، ژن داماو بێ هێزو نەخۆش، نەیدەتوانی هەڵسێتە سەرپێ، کە حەجاج ئەیدا لەژنەکان ئەوەی کەمێك توانای بوو باشتر بوو، بەڵام من نەمتوانی هەڵسم تا عەزیز مێردم دەستمی گرت و ویستی لەدەستی ڕزگارم بکات حەجاج هات و یەك کێبڵی داوە بان پشتمدا، سێ شەو و سێ ڕۆژ من بەبۆنەی ئەو کێبڵەوە دەمناڵاند، مێردەکەم بۆ گاڵتە ووتی بەڵکو ئەو کێبڵە نەخۆشیەکەت چاك بکات !

من ناتوانم ئەو دیمەنە لەبیر بکەم، ڕۆژێك لەیەکێك لە حەرەسەکانم پرسی کەی بەرمان ئەدەن؟

ووتی : بەرتان ئەدەین، بڕۆن لە قاعەکەدا وەك سەگ بتۆپن، ووتی کورد گشتی شەڕمان لەگەڵ دەکات، جەلال تاڵەبانی شەڕمان لەگەڵ دەکات، حکومەت ئێوەی بۆ مردن هێناوەتە ئەم شوێنە، ئەم شوێنە هێمایەکە بۆ مردن، پیاو باشی تیابوو دەهاتنە لامان دەیانگووت : عەیبە بە ژنەکان بڵێن با کەلوپەلەکانیان کە شۆردیان لەناو قاعەکە هەڵیخەن نەك لەدەرەوە.

**دلێر کەریم / ئەی سەگ هەبوو لە نزیکتان؟ بیستتان مردووەکان بخوات یان بینیتان؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / قاعەکان زۆربوون، بە سێ سیمی قات لەبان قات دەورە درابوون، تەنها دوو دەرگای هەبوو یەکێکیان بۆ عەسکەریەکان و یەکێکیشیان بۆ هاتوچۆی زبڵ ڕشاندن و هێنان و بردنی ئەنفالەکان، ئەوانەش زیاتر پیاوەکان دەیانکرد نەك ژنەکان،





مێردەکەم ووتی منداڵێك مرد کفن نەبوو سەرپۆشی دایکەکەیان هێنا پێچایان پێیەوەو چاوەکانیان لەیەك نەنابوو، چاوەکانی شین و جوان بوون، ئەڵێ بەخوا چاوی ئەو منداڵەم قەت لەیادناچێ، کاتێك بردمان بۆ ئەوەی بیخەینە چاڵ، سەیرمان کرد سەگە ڕەش و کۆمەڵە سەگێکی تر تەرمی ژنێکیان لە ژێر خۆڵەکە دەرکردبوو، سەگە ڕەش ناقرەی تەرمی ژنەکەی گرتبوو، دەیانشەکاندەوەو خۆڵەکە لە قژی ژنەکە دەکەوتە خوارەوە، پێستەکەی لای زگی کرم لێی دابوو، کردمانە بەرردا بدەین لەسەگەکەو دووری بخەینەوە لە لاشەکە، لەولاوە حەرەسەکان لە ئێمە تووڕە بوون و قاریان هات، ووتی ئیتر خۆیان سەگەکانیان لادا.

سابیر کەڵانی هەیە کە دواتر هەر کۆچی دوایی کرد لەوێ، بۆ خوا لاشەکەی درێژکرد لەناوخۆڵەکەداو بانی دابوو، قەبرو نەبوو، تەنها خۆڵ دەکرا بەسەر لاشەکەداو تەواو، بڕوام وایە هەر بۆنی ئەو لاشەیە چووە سەریداو خۆیشی دواتر مرد.

کاتێك دەمانگووت ئێوە بۆ قەبر بۆ مردووەکان ناکەن؟ وڵامیان ئەدایەوە بڕۆن بۆ قیامەت ئێوە قەبرتان بۆ چییە؟ ئەوەتا جەماعەتی بارزانی هەموویمان لەو چیایانە فڕێداوەو ئێسکەکانی چەند هەزارێکیان لەو کەلۆزانەیە، دەیانگووت ڕووح دەڕوات بۆ قیامەت لاشە قەبری بۆ چییە؟

**دلێر کەریم / چەند کەس بوون ئازاد کران پێکەوە؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / ٥٠٠ کەس نەکەمترو نەزیاتر، ٥٠٠ پیروپەککەوتەیان لەوێ دەردەکردو ٥٠٠ گەنجیان ئەبرد بۆ ئەوێ، بە یەك شێوە، ٥٠٠ گەنجیان (کوڕوکچ عازەب و منداڵ) لە دبس و تۆپزاواوە ئەبرد بۆ نوگرەسەلمان و لەوێشەوە ئەوەندە پیریان

ئەهێناو بەریان ئەدا، وەك حەمەی كوڕ ئەحمەد غالیب منداڵێك بوو لە سەوڵەی دایكی بڕیان كردبوو، ئەو بەجیاهاتبوو لەگەڵ گەنجەكانداو دایكیشی لەگەڵ پیرەكان بوو، ژنەكەی مام قادر حمەی غالیب و منداڵەكانی ئەوانیش لەوێ بوون، وەك ووتم هاوردمانیانە سلێمانی و لەوێ كەلارو سمودی بۆ لای خۆیان و چەمچەماڵی و شوێنەكانی تریش بۆ لای خۆیان برانەوە، لە قایمقامیەت ووتیان كێ كەفیلتانە؟ كاك فارس مام فەریق (یادی بەخێر) ووتی من دەبمە كەفیلیان، چونكە ئەو نەگیرابوو، چونكە لەو خێزانە تەنها مام فارس خۆی و تاتی ڕەعنەی خوشكی بەدەرەوەبوون و نەگیرابوون، لەگەڵ پەروین كچیدا (منداڵ بوو) لەگەڵ ڕاندابوون نەگیران، فەرید خێزانیشی لە نوگرەسەلمان بوو لای ئێمە، كاتی بەردانمان خزم و ناسیاری زۆر لەوێ بوون وەك عەلی حوسێن سەیارەی هاوردە شوێنمان و ئەحمەد تەقەڵ هات و كاك عەلی بردمانی بۆ ماڵ خۆیان، تاتی میناو گورجی و ئاسكە گشتیان هاتن بۆ لامان.

ئەوەم لەبیرچوو باسی بكەم، ئاخر جار كە زانیمان لە سجن دەرمان ئەكەن، عەزیز مێردم ووتی من دڵنیام منداڵەكانمان هەر ڕەوانەی ئەم شوێنە دەكرێن، بۆیە من پارەی زۆرم پێیە، ٢٠٠ دیناری داوەدەست (شەوكەت خەڵكی قەواڵی) ووتی تۆ منداڵەكانمان ئەناسی (كەژاڵ و سەعدیە) ئەگەر هاتنە ئێرە بیدەرە دەستیان، ووتمان ئێمە ناومان نووسراوە بۆ بەردان بەڵام ئێوە ناوتان نەنووسراوەو جارێك هەر لێرە دەمێننەوە، كە ئێمە گەیشتینە ماڵ خزمەكان لە چەمچەماڵ باجی ئیلهام خێزان كاك كەماڵ لەكەركوك هات بۆلامان، ووتی هەواڵمان هەیە منداڵەكان خۆمان گشتیان ناونووسراون لە دبسەوە ئەمڕۆ بۆ نوگرە سەلمان دەبرێن، ئەو ڕۆژە





زۆر گریاین بۆ منداڵەكان، باجی ئیلهام ووتی من خەڵك ئەناسم تا بۆم بكرێت ناهێڵم نەقڵیان بكەن، سەیرمان لێهات بۆ كەریم برام لەكەركووك و كاك جاسم دیاریان نییە بێن بۆلامان، ئەو شەوە لەماڵ كاك ئەحمەد بووین، میم گوڵە زۆر خزمەتی كردین، فاتم كاك عبدالعەزیز لەوێ بوو (كە لە قادر كەرەم ڕایكردو نەگیرا)، بووكی مام نوری بوو، ئاویان بۆمان گەرم كردو كەلوپەلی پاكیان بۆمان هاوردو خۆمان شۆرد، وئیسراحەتێكی باشمان كرد، بەیانی خەبەرمان زانی (ئارام كوڕ كاك جاسم) لە نەخۆشخانەی بەغداد مردووە، بۆیە دیاریان نییە، بیانی زوو كەریم برام و هۆشیار كوڕم هاتن بۆ لامان، بۆ چەمچەماڵ .

**دلێر كەریم / بۆ هۆشیار كوڕتان نەگیرابوو؟ لەگەڵ ئێوە نەبوو لە سجندا؟ لەكاتێكدا لە كەریم باسام پێكەوەبوون.**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / هۆشیار لە كەریم باسامەوە تا قادر كەرەم لەگەڵمان بوو، لەقادر كەرەم ئەوكاتەی لە مجەمەعە قوراكە بووین كەریم برام لەكەركوكەوە هات بۆ سەردانمان و ئەومان داوەدەستی بیبات لەگەڵ خۆی.

**دلێر كەریم / واتا دەتانتوانی منداڵ دەربكەن و ڕابكەن؟ ئەی بۆ هەموو منداڵەكانتان نەنارد بۆ كەركوك؟**

حەمدیە محەمەد جەوهەر / مەسەلەكە نەزانین بوو، لەو بڕوایەدا نەبووین بەعس وامان لێ دەكات ئەگینا هەموومان دەربازدەبووین، كێ بڕوا دەكات ژن و پیاوو منداڵ و كوڕو كچی بێ تاوان و ئیشكەری ماڵ خۆی بدەستی حكومەتی خۆی زیندانی بكرێ و لەناوببرێ، دواتر هۆشیار ئێمە نەماننارد، بەڵكو بەرێكەوت خۆی ووتی من لەگەڵ خاڵۆمدا ئەچم بۆ ماڵ خاڵۆم لەكەركوك، ووتمان

**باشە، نەك ئەوەی بزانین ئێمە دەمرین و با هەوڵی ئازادکردنی ئەو بدەین، ئەگەر بمانزانیایە هەموومان بەجۆرێك خۆمان دەرباز ئەکرد، تەنها هۆشیار نەبوو، فاتم عەبدلعەزیزخورشیدو تەلعەت خوشکی لەکاتی بارکردنماندا بۆ ناو زیلەکان ڕایان کرد، لە نیوەی ڕێگا تەلعەت خوشکی گەڕایەوە بۆلامان و عەسکەریەکان باریان کردو کردیانە ناو سەیارەکەوە، بەخوا لەشوێنیشی نەهاتن، بەڵام فاتم ڕای کردو هەر نەگیرا، ڕایکرد بۆ قادر کەرەم و لەماڵ خزمەکانیان خۆی حەشارداو بەئاسانی دەرچوو، ئەگەر ڕای نەکردایە وەك ئێمە ئەنفال ئەکرا، بەڵام کەریم برام ووتی بەخوا ژن و پیاو و گەنج و پیر لەیەك ئەکەن، کەس بەکەس نییە، با پارەتان بەلاوە بێت باشە، کەس نازانێ بۆ کوێ دەتانبەن و دێنەوە یان نا، خۆتان و ناوچاوتان، هەریەکەو ١٠ دیناری داپێمان.**

**دلێر کەریم / ئێوە کە تراکتەرو ڕانە مەڕەکانتان هێنا تا قادر کەرەم لەوێ چیان لێهات؟**

**حەمدیە محەمەد جەوهەر / بەڵێ تا قادر کەرەم هەموو شتەکانمان هێنابوو، ئەمین شوبرام لەگەڵ ڕانەکەبوو کە عەسکەریەکان باریان کرد ڕانەکە بەبێ خاوەن ڕوویکردە ئەو دەشت و کێوانەدا، تراکتەرەکە پڕی بەرخ بوو جێمانهێڵا، فەتحی حەسەن (بەیات) چووبوو بەرخەکانی دەرکردبوو کردبوونی بەلای دایکەکانیانەوە لەناو ڕانەکە، خاڵۆ حوسێن ئاغاو کەریم برام زانیبوویان ئێمە بارکراوین دەستبەجێ گەیشتبووە ئەوێ، غازی ئەحمەد قادرئاغا شوانمان بوو کەریم ئەوی هێنابوو ووتبووی تۆ مەڕەکانی ماڵ خاڵۆم حاجی نجم الدین ئەناسی پیشانمی بدە من وەرەقەم بۆیان کردووەو پارەم داوەتە مستەشار شێخ سوعاد بۆ ئەوەی دەریان**





**بکەم، ئەیانبەم بۆلای خۆم یان بۆیان ئەفرۆشم، هۆشیارو ڕێبوارو دانیاری کرد لەگەڵیاندا تا ڕۆژانە لەبەرەوە لێیانی ئەفرۆشت، ویستمان بچین بۆ تەعزێکەی (کوڕەکەی گوڵاو، ئاڵای براژنم ووتی تۆو دایکم کەڵکی ناو تەعزێتان نییەو تازە لە سجن دەرچوونە کێ گلەیتان لێ ئەکات، ئێوە خۆتان وەك جەنازەن، بچن لە شوێنێك، سوچێکدا دابنشن ئیسراحەت بکەن، لەبیرمە کاتێك لە سجن بووین جارێکیان ووتم خۆزەگە نەئەمردم دەردەچووین و بامێ و تورشێکم ئەخوارد !**

**لە سجنەکەدا پیاو ژنێکی خەڵکی ناوچەی قوڕی چایمان لەگەڵ بوو کە ئەنفالکرابوون زمانی عەرەبیان باش ئەزانی، پیاوەکە تەرجومەی پیاوەکان و ژنەکەش تەرجوومەی ژنەکان بوو، ڕۆژێك پیاوەکەی هاتبوو ژنەکەی بردبوو، دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە حەرەسەکان ژنێکیان دەرکردووە، پیاوەکان زۆر توڕەبوون و ووتیان بەهیچ جۆرێك ئێمە ئەمە قبووڵ ناکەین یان بمانکوژن یان نابێ شتی وا ڕووبدات، دواتر دەرکەوت حەرەسەکان نین بەڵکو پیاوەکەی خۆی هاتووەتە شوێنیدا بردوویەتی ئیشی پێ هەبووە.**

# داتای ئەنفالکراوەکانی دێی
# ( کەریم باسام )





**ئەمانەی خوارەوە ناوی ئەنفالکراوەکانی دێی (کەریم باسام)ە، ئەوکەسانەی کە ئەنفالکراون و نەگەڕانەوە، نەك ئەوکەسانەی کەبراونەتە تۆپزاواو نوگرەسەلمان و تکریت و دواتر گەڕاونەتەوە، دانشتوانی ئەم دێیەش وەك هەموو دێیەکانی تر بەرشاڵاوەکە کەوتوون و هەندێکیان دوای بەسەر بردنی ماوەیەك لە زیندانەکاندا، ئازادکران، ئەمەش ناوی سەرۆك خێزانەکان و ئەنفالەکانیانە، لەگەڵ چۆنێتی پەیوەندییان بە سەرۆك خێزانەکانەوە :**

**ماڵ حاجی نجم الدین مەجید حمەجان :**

**١) ئەمین نجم الدین مەجید (کوڕی)**
**٢) مەحمود نجم الدین مەجید (کوڕی)**
**٣) حمەجان عزیز نجم الدین (کوڕەزای)**
**٤) خەجێ نجم الدین مەجید ( بە سێ کچەوە)**
**خێزانی مام فایەق قوێخا برایم لە قەواڵی)**
**٥) فەهیمە نجم الدین مەجید (بە حەوت منداڵەوە)**
**(خێزانی مام بهجت قادر سەرهەنگ لە لەك)**

**ماڵ مام فارس فەریق :**

**١) نەدیمە فارس فەریق (کچی) لە ژنی یەکەمی**
**٢) عەتیە محەمەد تەیب (خێزانی دووەمی)**
**٣) گۆران فارس فەریق (کوڕی) لە ژنی دووەمی**
**٤) وادی فارس فەریق (کوڕی) لە ژنی یەکەمی**
**٥) حەسیبە فارس فەریق (کچی) لە ژنی یەکەمی**
**٦) مەهدی فارس فەریق (کوڕی) لە ژنی دووەمی**
**٧) بەرزان فارس فەریق (کوڕی) لە ژنی دووەمی**

٨) شادیە فارس فەریق (کچی) لە ژنی دووەمی
٩) کەژاڵ فارس فەریق (کچی) لە ژنی دووەمی
١٠) بەیان فارس فەریق (کچی) لە ژنی دووەمی
١١) تابان فارس فەریق (کچی) لە ژنی دووەمی
١٢) ئارەزوو فارس فەریق (کچی) لە ژنی دووەمی
١٣) سەبیحە عزیز غالیب (ژنی وادی کوڕی)
١٤) محەمەد وادی فارس (کوڕە زای)
١٥) سێوە وادی فارس (کوڕەزای)
١٦) هێرۆ وادی فارس (کوڕەزای)
١٧) غەزالە وادی فارس (کوڕەزای)

**ماڵ فەرەج یاوەر حمەجان :**

١) بەشارات فەرەج یاوەر حمەجان (کوڕی)
٢) عەدالات فەرەج یاوەر حمەجان (کوڕی)
٣) شەوکەت یاوەر حمەجان (خوشکی)
٤) سۆیل (دایکی)
٥) نەجیبە علی ئەحمەد مستەفا (کچ شەوکەت)(کچ خوشکی)
٦) ناسکە ئەحمەد مستەفا (ژن بەشارات کوڕی)
٧) فەوزیە بشارات فەرەج (کوڕە زای)
٨) شلێرە بشارات فەرەج (کوڕە زای)
٩) حەربیە بشارات فەرەج (کوڕە زای)
١٠) ڕەمزیە بشارات فەرەج (کوڕە زای)
١١) پشتیوان بشارات فەرەج (کوڕە زای)
١٢) لەکاتی ئەنفالدا ناسکە ئەحمەد دوو گیان بووە





**ماڵ عبدالعزیز خورشید :**

١) برایم عبدالعزیز خورشید (کوڕی)
٢) ئەمین عبدالعزیز خورشید (کوڕی)
٣) حەبیٚ عبدالعزیز خورشید (کچی)(ژن حسن ئەمین ژاڵە لە باوەکر)
٤) ساهیرە کچ حەبیٚ (لەئەنفالدا لە دایك دەبیٚ) (کچە زای)

**ماڵ بابا ڕەشید حمەجان :**

١) ئەحمەد بابا ڕەشید (کوڕی)

**ماڵ حاجی عبدالکریم ڕەشید :**

١) علی عبدالکریم ڕەشید (کوڕی)
٢) عەینە عبدالکریم ڕەشید (کچی)(ژن تۆفیق سعید یەسوو لە قەواڵی)

**ماڵ هاپۆ قادر ئاغا :**

١) ئەحمەد هاپۆ قادر ئاغا (کوڕی)

**ماڵ حەسەن خورشید:**

١) عوسمان حەسەن خورشید (کوڕی)
٢) عبدالخالق حەسەن خورشید (کوڕی)

**ماڵ وەهاب حەکیم :**

١) حمەغریب وەهاب حەکیم (کوڕی)

**٢) حمەصاڵح وەهاب حەکیم (کوڕی)**
**٣) حمەئەمین وەهاب حەکیم (کوڕی)**
**٤) حمەلاو وەهاب حەکیم (کوڕی)**

**ماڵ نورەدین تۆفیق :**

**١) سلاح نورەدین تۆفیق (کوڕی)**

**چەندین ماڵی هاروب لەکاتی ئەنفالدا لەشوێنەکانی ترەوە هاتوونەتە ئەم گوندەو ئەنفال کراون، لەوانە :**

**خێزانەکەی حمە گەرمیانی :**

**ڕێژاو عزیز غالیب خێزانی حمە گەرمیانی لەگەڵ دوو منداڵی بەناوی (ئەسمەرو سیروان)لەم دێ ئەنفالکراون، هەرچەند خۆی خەڵکی دێی (قولیجانە)، لەکاتی پرۆسەکەشدا دووگیان بووە.**

**ژمارەی ئەنفالکراوەکانی دانیشتووی هەمیشەیی دێ دەکاتە (٤٥)کەس**






# ئەلبومی وێنەکان



**خێزانی دووەمی مام فارس و منداڵەکانی**







**حاجی نەجمەدین**


**(٤٠ ڕۆژپێش ئەنفال کۆچی دوایی کرد)**



**بەشارات فەرەج**








**وادی فارس فەریق**




**نەجمە عەزیز (چەم تەنگانە)**








**مەحمود نەجمەدین**



**عەدالەت فەرەج**







**دێی کەریم باسام**




**شەهید جلیل عەبدولاّ / دێی کەریم باسام**







**غالیب محمد و حمەامین مام وەهاب (ئەنفال )**



**لە راستەوە:**

**محمود نجمەدین (ئەنفال )/ کەریم محمد / احمد نەجمەدین**







**دێی کەریم باسام / پێش ئەنفال**



**نووسەر و خێزانەکەی ١٩٩١ لە ئێران**







**دێی کەریم باسام لە ئێستادا**

**سوپاس:**

**جارێکی تر زۆر سوپاسی هەموو ئەوهاوڕێیانە دەکەم کە یارمەتیان دام بۆ ئەم بەرهەمە، چ بەسوود وەرگرتن لە نووسینەکانیان، چ بە دێڕێك، ڕستەیەك یان ووشەیەك، وێنەیەك . ماددی یان مەعنەوی هاوکاریان کردم ، یان ڕێنوێنیان کردووم بۆ ئەوەی بەباشی ئەم کتێبە بێتە بەرهەم.**

**هیوام تەمەن دێژی و سەرکەوتنیانە .**